سەید قوتب

بەکوردی کردنی: زێبار عزیز خان مهاجیر

# لە سایەی سێبەری قورئـــانـــدا



# له سایەی سێبەری قورئاندا

## پێشەکی و سورەتی فاتیحه

نووسینی: سەید قوتب

بەکوردی کردنی: زێبار عەزیزخان مهاجیر

١٤٤٣ك - ٢٠٢٢ز

## پێناسی کتێب:


| | |
|---|---|
| نـــــاوی کتێـــــب : | لە سایەی سێبەری قورئاندا |
| نووســـــــــــینی : | سەید قوتب |
| وەرگێڕانـــــــــی : | زێبار عەزیزخان مهاجیر |
| نەخشەســـــازیی : | مهاجر محمد طاهر |
| بـــــــــــەرگ : | بەرەکات قوڕتاس |
| بـــــــــڵاوکار: | چاپخانەی شوان |
| نۆرە و ساڵی چـاپ : | یەکەم ١٤٤٣ك – ٢٠٢٢ز |
| تـــــــــــیراژ : | ١٠٠٠ دانە |



هەموو مافێکی ئەم بەرهەمە بۆ وەرگێڕ پارێزراوە.



لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سیاردنی (٨٦٤ ) بۆ ساڵی (٢٠١٩) پێدراوە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

# پێشەكی وەرگێڕ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ خوای زانا و خاوەن توانا، درودو سڵاو بڕژێ بەسەر پێغەمبەری خاوەن پەیامی ڕەوا و، بەسەر خانەوادە و یاران و شوێنكەوتووانی تا ڕۆژی جیاكردنەوەی ڕەوا و نارەوا.

پاشان!

ئەوەی مرۆڤ بەدوایدا دەگەڕێت، بریتییە لە بەختەوەری، بەختەوەریش لەوەدا بەرجەستەیە بزانێ مرۆڤ چۆن هەڵسوكەوت بكات لەگەڵ بەدیهێنەرو بەدیهێنراوان، بەرچاوی بە چ ڕۆشن بكاتەوە لەم دونیایەدا. ئەمەش بە دوو ڕێگە دەبێ، یەكەمیان: عەقڵ، دووەمیان: پەیام و نیگای خوا.

هەر یەكێك لەم دوو ئامرازانەی بەختەوەری ڕێپیشاندەری تەواون، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی جاران عەقڵ بەلارێدا دەبردرێ، خوای مەزن بە بەردەوامی پەیام و پەیامبەرانی ڕەوانەكردووە بۆ ڕاستەڕێ كردنی.

قورئانی پیرۆزیش وەك دوایین پەیامی خوا، كۆتا دەلاقەیە بە ڕووی مرۆڤدا كرابێتەوە بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی خواو دەستخستنی سەرفراز لە دین و ژیندا. ئەم كتێبەی بەردەستمان بەكوردی كردنی (پێشەكی و

سورەتی فاتیحە)یە كە بەشێكە لە (سایەی سێبەری قورئان)دا، ڕاڤەی قورئانی پیرۆز كراوە لەلایەن گەورە بیرمەند (سەید قوتب) ڕەحمەتی خوایی لێبێت.

بەو هیوایەی توانبێتم لەو ئاستەدابم كە مافی خۆیم پێدابێت، شوێنێك لە كتێبخانەی كوردی پڕ بكاتەوەو ببێتە مایەی سوود بۆ خوێنەران.

**زێبار عەزیزخان مهاجیر**

# پێشـــەکی

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

### لە سایەی سێبەری قورئاندا

ژیان لە سایەی سێبەری قورئاندا نیعمەت و بەهرەیە. نیعمەت و بەهرەیەکە ئەوەی نەیچێشتبێت نایزانێ. نیعمەت و بەهرەیەکە تەمەن زیاد و فەڕدار و پاك و پیرۆز دەكات.

سوپاس بۆ خوای مەزن... کە بەخششی لەگەڵ کردم بە فەراهەم کردنی ژیان بۆ ماوەیەك لە سایەی سێبەری قورئاندا... لەم ماوەیەدا ئەوەندە لە تام و چێژی سێبەری قورئانم چەشت، کە هەرگیز چێژی وام نەکرد بوو و بەوشێوەم نەچێشتبوو، چێژی نیعمەت و بەهرەی تەمەن فەڕداری و پاك و پیرۆزیم کرد.

لەم ماوەیەدا ژیام و گوێبیستی خوای گەورە بووم، کە چۆن بە قورئان لەگەڵمدا دەدوا... منی بەندەی لاوازو بچوك... ئای ئەمە چ ڕێزلێنانێکی باڵا و شکۆدارە لە مرۆڤ؟! ئەمە چ پایەداری و بەرزەییەکە

ئەم پەیامە دەیبەخشێت بە تەمەن؟ چ پێگەیەکی پڕ شکۆو ڕێزدارە بەدیهێنەری بەڕێز دەیبەخشێت بە ئادەمیزاد؟.

لە سایەی سێبەری قورئاندا ژیام و لە بڵندییەوە دەمڕووانیە ئەم نەفامی و سەرگەردانییەی شەپۆڵ دەکات لەسەر زەوی، دەمڕوانیە بایەخ پێدانە بچوك و ساواکانی مرۆڤایەتی، کە خۆیان بەشت دەزانن بەهۆی ئەو زانیاری و تێڕوانین و گرنگی پێدانە منداڵانەی هەیانە... وەك چۆن کەسی گەورە و پێگەیشتوو دەڕوانێتە یاری زارۆك و هەوڵی ساوایان و گەمەی منداڵان... سەرم سوڕدەما.. ئینجا لەخۆم دەپرسی: باشە ئەو خەڵکە چییەتی؟! ئەوە چیانە بۆچی وا سەرەوژێر کەوتوونەتە ناو قوڕو لیتە و زەلکاوی بۆگەنەوە؟! جا بۆچی گوێ ناگرن لە بانگەوازی پیرۆزو باڵای خوای مەزن؟ ئەو بانگەوازەی تەمەن زیاد و فەرداو پاك و پیرۆز دەکات.

هەر _ لە سایەی سێبەری قورئاندا _ ژیام و ورد دەبوومەوەو ڕادەمام لەم تێڕوانینە گشتگیرو بەرزو پاکژەی هەیەتی بۆ بوونەوەرو ئامانج و مەبەستی تێکڕای بوونی بوونەوەران و گەردوون و مرۆڤایەتی... لە هەمان کاتدا بەراوردم دەکرد لەگەڵ ئەم تێڕوانین و بۆچوونە نەفامیانەی مرۆڤایەتی لە ناویاندا دەژی لە خۆرهەڵات و خۆرئاواو باکورو باشور... دواتر پرسیارم دەکرد: چۆن مرۆڤایەتی لە ناو ئەم زۆنگاو و قوڕو لیتە بۆگەن و پیس و چەپەڵە و لە دوو توێی ئەم پلە نزمە و لە ناو

باوەشی ئەم تاریكییە ئەنگوستەچاوەدا ژیان دەگوزەرێنێ؟ لە كاتێكدا ئەم گۆڕپانە پاك و ئەم ئاسۆ فراوان و ئەو ڕووناكییە ڕۆشنەی لە نزیكیەوە هەبێ؟.

جا _ لە سایەی سێبەری قورئاندا _ ژیام هەستم بەم هەماهەنگی و گونجانە قەشەنگە كرد كە هەیە لە نێوان جوڵەی مرۆڤ و ئەم بوونەوەرە وەك چۆن خوای گەورە دەیەوێت... دواتر دەمڕوانی و ئەو بێ سەروبەری و ناهەموارییەم دەبینی كە مرۆڤایەتی بەدەستییەوە دەناڵێنێ لە دەرەنجامی لادانی لە یاسا و ڕێسا گەردوونیەكان، دواتر دەمبینی بەیەكدادان هەیە لە نێوان ڕێنمایی و بەرنامە خراپ و گەندەڵەكان كە زاڵبوونە بەسەر مرۆڤایەتیدا لەگەڵ ئەو سروشتەی كە خوا مرۆڤایەتی لەسەر بەدیهێناوە. دواتر لە ناخمدا دەم وت: ئەمە چ شەیتانێكی ناپاكە كە هێڵی خۆی دەكێشێت بەرەو ئەم دۆزەخە؟!.

ئاخ و پەژارە و پەشیمانی بۆ بەندەكان!!!

لە سایەی سێبەری قورئاندا ژیام، بوونم زۆر گەورەتر دەبینی لەو ڕوواڵەت و ڕووكەشەی لە بەرچاومانە... دەمبینی ڕاستینە (حەقیقەت)ی ڕوواڵەت گەورەترە لە خودی ڕوواڵەت، خاوەنی چەندین بواری جۆراو جۆری ترە... دەمبینی بوون پێكهاتووە لە جیهانی  دیار و نادیار (عالم الغیب و الشهادة) و دونیا و دوارۆژ، نەك تەنها ئەم دونیایە، پێشگەیشتنی

مرۆیی درێژبووەتەوە بە ناو دۆڵ و شیو و نشێو و بەرزو نزم و بەشەكانی ئەم ماوە دوورو درێژەدا... مردن كۆتایی گەشتەكە نییە، بەڵكو قۆناغێكی گەشتەكەیە. ئەوەی مرۆڤ لەم ژیانی دونیایەدا دەستی دەخات بریتی نییە لە هەموو دەستكەوتەكانی، بەڵكو بەشێكی دەستەكەوتەكانیەتی. ئەوەی لەم ژیانەدا لە دەستی دەدات، لە ژیانی دواتردا لە دەستی نادات و پێی دەدرێ، لەوێ ستەم و مافخوران و لەكیس چوون نییە. جا ئەم ژیانەی لەسەر پشتی ئەم هەسارەیە بەڕێی دەكات گەشتێكە لە ناو گەردوونێكی زیندووی دلگیرو جیهانێكی هاوڕێ و خۆشەویستدا. گەردوونێكی خاوەن گیان كە شت وەردەگرێت و وەڵامیش دەداتەوە، ڕوو دەكاتە بەدیهێنەری تاك و تەنها كە گیانی باوەڕدار لە ملكەچیدا ڕووی تێدەكات: ﴿ وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلَٰلُهُم بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْـَٔاصَالِ ۝١٥ ﴾ الرعد.

**واتە: (هەرچی لە ئاسمانەكان و زەویدا هەیە، لەسەر ڕەزامەندی خۆیان بێ یان بە ناچاری بێ سوژدە بۆ بەدیهێنەر دەبەن، هاوڕێ لەگەڵ سێبەرەكانیاندا لە بەرەبەیانیان و دەمەو ئێوارانداا).** ﴿ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبْعُ وَٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ ۚ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِۦ ۝٤٤ ﴾ الإسراء. واتە: **(هەر حەوت ئاسمانەكان و زەوی و هەموو ئەوانەی تیایاندا هەن، سوپاس و ستایشی ئەو زاتە دەكەن، هیچ شتێك نییە لەم بوونەوەرەدا كە سوپاس و ستایشی خوا نەكات)... ئەمە چ**

حەسانەوەیەکە، چ هۆگری و دڵگری و فراوانیەکە ئەم تێڕوانینە گشتگیرو تێرو تەواو و فراوان و دروستە بە ڕێژنە دایدەبارێنێتە سەر دڵ؟!.

لە سایەی سێبەری قورئاندا ژیام، بینیم مرۆڤ زۆر بەڕێزو بەهادارترە لەو ڕێزەی مرۆڤایەتی لە پێشترو دواتریش بەدەستیهێناوەو بەدەستیشی دەهێنێت... مرۆڤێکە لەو گیانە تایبەتەی کە خوا (بەدیهێنەریەتی) دروستکراوە: ﴿ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ الحجر. واتە: **(جا کاتێك ڕێك و پێك و تەواوم کرد، لەو ڕۆحەی تایبەتەی کە من ـ بەدیهێنەری ئەوم ـ پێمبەخشی، ئەوا هەمووتان سوژدەی بۆ بەرن ـ سوژدەی ڕێز، بە فەرمانی خوا ـ)**. مرۆڤ بەهۆی ئەوەی خوا لەو گیانەی تایبەتەی (کە خۆی بەدیهێنەریەتی) بە بەریدا کردووە، کراوەتە جێنشین لەسەر زەوی: ﴿ وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ﴿٣٠﴾ ﴾ البقرة. واتە: **(ـ ئەی محەممەد (درود و سڵاوی خوای لەسەر بێت) باس و یادی ئەوە بکە لە دێرین زەماندا ـ پەروەردگارت بە فریشتەکانی وت: بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێك دابنێم)**. ئیتر ئەوەی لەسەر زەوی بوو بۆ مرۆڤ ڕام و دەستەمۆ کرا: (وسخر لكم ما في

الأرض جميعا)[١] واتە: **(ئەوەی لەسەر زەویدا هەیە هەر هەمووم بۆ ڕام و دەستەمۆ کردوون)**. لەبەر ئەوەی مرۆڤ خاوەنی ئەم ڕێزو شکۆیەیە، ئەوا خوای گەورە وایکردووە تاکە ڕایەڵ و پەیوەندی کە مرۆڤایەتی لەسەری کۆببێتەوە، دەبێ هەڵقوڵاو بێ لەو گیانە پیرۆزە تایبەتەی خوا (بەدیهێنەریەتی)... وایکردووە پەیوەندی بیروباوەڕی ڕاست و دروست و بێ کرچ و کاڵ بێ بە خوای باڵادەست و پایەدار... چونکە بیروباوەڕ نیشتمان و نەتەوەو خزم و کەس و کاری باوەڕدارە... دواتر مرۆڤایەتی تەنها لەسەر ئەم پەیوەندییە دەبێ کۆببێتەوە نەك لەسەر ئەو بنچینەیەی ئاژەڵەکان لەسەری کۆدەبنەوە لە وێنەی: لەوەڕگا و لەوەڕو خواردن و خواردنەوەو مێگەڵ و دیوارو سنوور!...

باوەڕدار خاوەن ڕەچەڵەکێکی دێرین و کۆنە، ڕەگەکانی شۆڕ بوونەتەوە بەناو قوڵایی بەش و دۆڵ و شیو و قۆناغەکانی ڕۆژگار، باوەڕدار یەکێکە لە ئەندامانی ئەو کاروانە پیرۆزەی دەستەیەکی پیرۆز

---

(١) ئەم ئایەتە بەم شێوەیە نییە، بەڵکو بەم شێوەیەیە: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ﴿١٣﴾ ﴾ الجاثية. واتە: **(خوای مەزن ئەو زاتەیە، کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە بۆ ئێوەی ڕام و دەستەمۆو ژێردەست کردووە)**. خوای مەزن لە ئایەتێکی تریشدا دەفەرموویێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة. واتە: **(خوای مەزن ئەو زاتەیە کە هەرچی لە زەویدایە بۆ ئێوەی بەدیهێناوە)**. (وەرگێڕ).

سەرمەشق و پێشەنگایەتی دەکات: (نوح، ئیبراهیم، ئیسماعیل، ئیسحاق، یەعقوب، یوسف، موسا، عیسا، محەممەد... درود و سڵاوی خوایان لێبێت...)، ﴿ وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱتَّقُونِ ﴿٥٢﴾ ﴾ المؤمنون. واتە: **(هەر ئەمەیە ئایین و بەرنامە _ و ئوممەت_ی تاك و تەنهای ئێوە و منیش پەروەردگارتانم، ئیتر پارێزكارو لەخواترس بن).**

ئەم كاروانە پیرۆزە كە خاوەن ڕەگ و ڕیشەی دوورو درێژو شۆڕ بووەوەیە بە ناو كون و كەلەبەرەكانی قۆناغەكانی كات و سەردەمدا، _ وەك چۆن لە سایەی سێبەری قورئاندا دەدرەوشێتەوە _ ڕووبەڕووی هەڵوێستی هاوشێوەو تەنگەژە و قەیران و تاقیكردنەوەی وێكچوو بووەتەوە بە درێژایی سەردەم و بەدوای یەكداهاتنی چەرخ و ڕۆژگارەكان و گۆڕانی شوێن و جیاوازی گەلان. ئەم كاروانە پیرۆزە ڕووبەڕووی گومڕایی و ملهوڕی و سەرلێشێواوی و ئارەزووبازی و ستەم و چەوساندنەوەو زۆرداری و هەڕەشە و گوڕەشە و ڕاوەدوونان و دەربەدەری بووەتەوە. بەڵام ئەندامانی كاروانەكە لەسەر ڕێگەی خۆیان بەردەوام بوون بە هەنگاوی چەسپاو و ویژدانێكی ئاسوودە و دڵنیا و متمانە بوون بە سەركەوتنی خوایی و هیوابوون پێی، لە هەر چركە ساتێكدا پێشبینی هاتنەجێی بەڵێنی بێ چەندو چوون و ڕاست و دروستی خوا دەكەن:

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِرُسُلِهِمۡ لَنُخۡرِجَنَّكُم مِّنۡ أَرۡضِنَآ أَوۡ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَاۖ فَأَوۡحَىٰٓ إِلَيۡهِمۡ رَبُّهُمۡ لَنُهۡلِكَنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٣﴾ وَلَنُسۡكِنَنَّكُمُ ٱلۡأَرۡضَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡۚ ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَافَ مَقَامِي وَخَافَ وَعِيدِ ﴿١٤﴾ ﴾ إبراهيم. واتە: (بێ باوەڕان بە پێغەمبەرانیان وت: _ ئەگەر کۆڵ نەدەن _ بەڕاستی لە وڵاتمان دەرتان دەکەین یان دەبێت بێنە ڕیزی ئاینەکەی ئێمە، ئەوسا پەروەردگاریان پەیامی بۆ ناردن کە: دڵنیا بن ئێمە ستەمکاران لە ناودەبەین و دەفەوتێنین. بێگومان نیشتەجێتان دەکەین لەو وڵاتەدا لە دوای ئەوان، ئەوەش بۆ هەموو ئەو کەسانەیە کە لە وەستانیان لەبەردەم دەسەڵاتی مندا دەترسن و لە هەڕەشەکانی من ترس و بیمیان هەیە). یەك هەڵوێست و یەك تاقیکردنەوەو ئەزموون و هەڕەشە. یەك دڵنیایی و بەڵێن بۆ کاروانە پیرۆزەکە هەیە... مرۆڤی باوەڕدار چاوەڕێی یەك چارەنووس دەکات لە کۆتایی ڕێگاکە. لە کاتێکدا ئەندامانی کاروانە پیرۆزەکە دووچاری یەك چەوساندنەوەو هەڕەشە و گوڕەشە دەبوونەوە...

* * *

لە سایەی سێبەری قورئاندا فێری ئەوە بووم، کە ڕێکەوتی کوێر لەم بوونەوەرو گەردوونەدا جێگەی بۆ نییە، ڕێکەوتنی لەخۆوە بوونی نییە: ﴿ إِنَّا كُلَّ شَيۡءٍ خَلَقۡنَٰهُ بِقَدَرٖ ﴿٤٩﴾ ﴾ القمر. واتە: (بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بە

ئەندازە و نەخشەی دیاریکراو دروست کردووە). ﴿ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُۥ تَقْدِيرًا ﴿٢﴾ ﴾ الفرقان. واته: (هەموو شتێکی بەدیهێناوەو نەخشەی ڕێك و پێکی بۆ هەموو شتێك داناوە). هەموو شتێك لەبەر داناییەك دانراوە. بەڵام لەوانەیە دانایی و حیکمەتی جیهانی نادیار (غیب)ی قوڵ بۆ تێڕوانینی مرۆڤایەتی کەم و کورت دەرنەکەوێت: ﴿ فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴿١٩﴾ ﴾ النساء. واته: (دەشێت حەزتان لە شتێك نەبێت و خوا بیکات بە مایەی خێرو بێری زۆرو بێ سنوور). ﴿ وَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّوا۟ شَيْـًٔا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢١٦﴾ ﴾ البقرة. واته: (لەوانەیە شتێکتان لا ناخۆش بێت، کەچی خێر لەوەدا بێت، کەچی لەوانەیە شتێکتان پێ خۆش بێت و خراپە و شەڕ لەوەدا بێت، بێگومان هەر خوا خۆی دەزانێت _ خێر لە چیدایە _ و ئێوە نایزانن).

هەر لە سایەی سێبەری قورئاندا بە ناخێکی ئارام و سینەیەکی دڵنیا و ویژدانێکی لەسەرخۆ و ئاسوودە و شادومان ژیام... بەشێوەیەك ژیام کە دەستی توانستی خوای پەروەردگارم لە هەموو ڕووداو و شتێکدا دەبینی. لە پەنای خواو لە ژێر چاودێری ئەودا دەژیام، هەستم بە سیفەتە چاك و

جوانی و كاراكانی دەكرد، ﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلۡمُضۡطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكۡشِفُ ٱلسُّوٓءَ ﴿٦٢﴾﴾ النمل. واتە: (ئایا كێیە جگە لە زاتی پەروەردگار كە بێت بە هانا و هاواری لێقەوماو و بێ دەرەتان و بێ دالدەكان، كاتێك نزا دەكات و لێی دەپاڕێتەوە، ئەوسا بەڵا و ناخۆشییەكان لادەبات). ﴿وَهُوَ ٱلۡقَاهِرُ فَوۡقَ عِبَادِهِۦۚ وَهُوَ ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡخَبِيرُ ﴿١٨﴾﴾ الأنعام. واتە: (هەر ئەو خوایە زاڵ و بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو بەندەكانیدا هەر ئەویشە زاتێكی دانا و ئاگایە). ﴿وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢١﴾﴾ یوسف. واتە: (بەڕاستی خوای گەورە زاڵە بەسەر كارو فەرمانەكانیدا، بەڵام زۆربەی خەڵكی بەمە نازانن). ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَقَلۡبِهِۦ ﴿٢٤﴾﴾ الأنفال. واتە: (چاك بزانن بەڕاستی خوا _ زۆر بە ئاسانی _ دەتوانێت دەسەڵاتی بكەوێتە نێوان ئادەمیزاد _ و ئاواتەكانی _ دڵیەوە _ بە گۆڕینیان _). ﴿فَعَّالٞ لِّمَا يُرِيدُ ﴿١٦﴾﴾ البروج. واتە: (هەرچی بیەوێت ئەنجامی دەدات). ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ﴿٢﴾ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦ ﴿٣﴾﴾ الطلاق. واتە: (جا ئەوەی لە خوابترسێت و پارێزكار بێت، ئەوا خوا دەرووی لێ دەكاتەوە. لە شوێنێكەوە

ڕزق و ڕۆزی پێدەبەخشێت کە حیسابی بۆ نەکردبێت و خۆی پێی نازانێت. جا ئەوەی پشت بە خوا ببەستێت، ئەو زاتەی بەسە بۆ ئەوەی یاریدەدەری بێت، چونکە بەڕاستی خوا کارو فەرمانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت). ﴿مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآ ﴿٥٦﴾﴾ هود. واتە: (هیچ گیانلەبەرێك نییە جڵەوی بەدەستی خوای گەورەوە نەبێت). ﴿أَلَيۡسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبۡدَهُۥۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ﴿٣٦﴾﴾ الزمر. واتە: (مەگەر خوا بەس نییە کە پشتیوان بێت بۆ بەندەکەی _ محەمەد (درود و سڵاوی خوای لەسەر بێت) _، کەچی ئەوان دەتترسێنن بە شتی تر جگەلە خوا). ﴿وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكۡرِمٍ ﴿١٨﴾﴾ الحج. واتە: (جا ئەوەی خوا ڕێزو حورمەتی بشکێنێت و ڕیسوای بکات، ئەوە هیچ ڕێزلێنەرێکی نییە). ﴿وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٍ ﴿٣٣﴾﴾ الرعد. واتە: (هەر کەسێك خوا گومڕای بکات _ بەهۆی کارو کردەوەی خراپیەوە _، ئەوە ئیتر کەس نییە ڕێنوێنی بکات).... زانیم بوونەوەرو گەردوون هەروا ڕادەستی چەند یاسایەکی میکانیکی کەڕو کوێرو لاڵ نەکراوە. بەڵکو لە پشت یاسا و ڕێسا گەردوونیەکان ویستێکی مشورگێڕو خواست و دەسەڵاتێکی ڕەها هەیە... خوای گەورە چی بیەوێت

بەدیدەهێنێت و هەڵیدەبژێرێت. بەهەمان شێوە زانیم كە دەستی توانستی خوای مەزن كار دەكات و بەردەوامە، بەڵام بە ڕێگە و شێوازە تایبەتەكەی خۆی كار دەكات، بۆمان نییە كارەكانی دەستی توانستی خوا خێرا بكەین یاخود شتێك بۆ خوای زانا و خاوەن توانا پێشنیار بكەین. جا بەرنامە و پەیڕەوی خوا _ وەك چۆن لە سایەی سێبەری قورئاندا دەردەكەوێت _ دانراوە تا كار بكات لە ناو هەموو ژینگەیەكدا، ڕۆڵی سەرەكی بگێڕێت لە گشت قۆناغێك لە قۆناغەكانی پێگەیشتنی مرۆڤایەتی و لە هەر بارێك لە بارەكانی دەروونی مرۆڤایەتیدا... ئەم بەرنامە خواییە دانراوە بۆ ئەو مرۆڤەی كە لەسەر ڕووی ئەم زەویە ژیان دەگوزەرێنێ، لەم بەرنامەیەدا ڕەچاوی سروشت و وزە و ئامادەگی و بەهێزو لاوازی و بارودۆخە گۆڕاوەكانی مرۆڤی كراوە كە دایدەپۆشێ... تێڕوانینی بەرنامەی خوا خراپ نییە سەبارەت بەم بەدیهێنراوە، بەوەی ڕۆڵی لە سەر زەوی بەكەم سەیر بكات یاخود نرخ و بەهاكەی بە فیڕۆ بدات لە شێوەیەك لە شێوەكانی ژیانیدا جا چ وەك تاك یان وەك ئەندامێكی كۆمەڵ. بەهەمان شێوە ئەم بەرنامەیە ناچێتە باوەشی خەیاڵەوە بەوەی ئەم بوونەوەرە (كە مرۆڤە[1]) بەرز بكاتەوە بۆ سەرووی ئەو ڕێزو هێزەی بۆی دانراوەو

---

(1) خۆم زیادم كردووە. (وەرگێڕ).

باڵاتری بکات لەو ئەرکەی لە پێناویدا خوای گەورە یەکەم جار دروستی کردووە... لە هەر دوو باردا وا پێشبینی ناکرێ بەها سروشتییەکانی مرۆڤ شتی ساکارن و بە یاسایەك یاخود نووکی پێنووسێك سەرهەڵبدەن!... مرۆڤ بریتییە لە خودی ئەو بەدیهێنراوەی بە سروشت و حەزو ئارەزوو و ئامادەگییەکانی و دەست دەگرێ بە بەرنامەی خواوە تا بەهۆیەوە بەرز ببێتەوە بۆ بەرزترین پلەکانی کامڵ بوون کە بۆی دانراوە بەپێی پێکهاتە و ئەرکەکانی، ڕێزیش لە خود و سروشت و بەهاکانی دەگرێ، ئەم بەرنامەیە پێشەنگایەتی مرۆڤ دەکات لە ڕێگەی کامڵ بوون و بەرز بوونەوە بۆ لای خوا... فێری ئەوەش بووم کە بەرنامەی خوا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دانراوە _ کە تەنها بەدیهێنەری مرۆڤ و دابەزێنەری قورئان زانایە بەم ماوەو کاتە _ دواتر پەروەردگار پەلەی نەکردووەو بە زۆر بەرنامەکەی نە سەپاندووە لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجە باڵاکانی ئەم بەرنامەیە. کات و ماوە زۆرو بۆرو فراوانە لەبەردەم ئەم بەرنامەیە، سنووردار نییە بە ئەندازەی تەمەنی کەسێك، حەزو هیوای هیچ کەسێك بەرنامەکە خێرا ناکات کە ترسی ئەوەی هەیە مردن بەرۆکی بگرێت پێش ئەوەی ئامانجە دوورەکانی بەرنامەکە بێنەجێ؛ وەك ئاکارو ڕەفتاری خاوەن بەرنامە و ڕێبازە دونیاگەراکان، کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی هەموو ئەوەی دەیانەوێت و بەدەستهێنانی ئەوەی حەزیان لێیە لە دوو

تویَی یەك نەوەدا، بەسەر سروشتی هاوسەنگ بازدەدەن، چونکە ئارام ناگرن لەسەر ڕێگە و هەنگاونانی هاوسەنگ!، بەڵکو هەنگاوی کورتی نا هاوسەنگ دەگرنەبەر! جا لە ڕێگەی بە زۆر سەپاندن کە پەیڕەوی دەکەن، قەسابخانە بەرپا دەکرێن و خوێن دەڕێژرێت و بەهاکان تێکدەشکێنرێن، کاروبارەکانی تێکدەچن و دەشێوێن. ئەمەش هەمووی لە پێناو گەیشتن بە ئامانج و هیوا نا ڕەواکانیان. دواتر خۆیان لە کۆتاییدا تێکدەشکێن، ڕێبازو بەرنامە دەستکردەکانیان ورد و خاش دەبن لە ژێر چەکوژی سروشت، کە بەرنامە بە زۆر سەپێنراوەکان بەرگەی ئەم کوتەکە ناگرن! بەڵام ئاینی ئیسلام هێدی و لەسەرخۆو بە نەرمی لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا، لەم لایە هانی دەدات، لەلایەکی تر ڕێگری لێ دەکات، کاتێك لادەدات ڕاستەڕێی دەکات و چاودێری دەکات بە نەرم و نیانی، بەڵام مرۆڤ تێکناشکێنێ و وردو خاشی ناکات. ئارام لەسەر مرۆڤ دەگرێت وەك ئارام گرتنی کەسی زانا و شارەزا و بەرچاوڕۆشن کە متمانەی بە ئامانجە نەخشە بۆکێشراوەکە هەیە... جا ئەوەی لەم گەڕو قۆناغەدا نەیەتەدی ئەوا لە قۆناغی دواتر یان سێیەم یاخود دەیەم و ئەوەی تردا دێتەدی... کات زۆرو فراوانە، ئامانجەکە ڕوون و ڕۆشنە، ڕێگەی بەرەو ئامانجی مەزن ڕێگەیەکی دوورو درێژە، وەك چۆن درەختی باڵابەرزو مەزن دەڕوێت و ڕەگی دادەکوتێت لە خاکدا و لق و پۆپەکانی درێژو پان و پۆڕ دەبن و

تێکدەئاڵێن... بەهەمان شێوە ئیسلام (کە بەرنامەی خوایە[1]) بەهێمنی و هێدی و لەسەرخۆییەوە لق و پۆپ دەدات. دواتر هەمیشە بەوشێوەیە دەبێت کە خوای گەورە دەیەوێت... دەکرێ هەندێك جار تۆزو خۆڵ ڕووەك و دارو درەختەکە دابگرێت، لەوانەیە کرم بەشێکی لێ بخوات، تێنوێنی کەرتێکی لێ بسوتێنێت، تێرئاوی نغرۆی بکات. بەڵام جوتیاری بەرچاوڕۆشن و شارەزا دەزانێت ئەمە کشتوکاڵ و چێنراوێکە شایستەی گەشەکردن و پێگەیشتنە، بە درێژایی کات و بەسەرچوونی ڕۆژگار زاڵ دەبێت بەسەر دەردو نەخۆشییەکان، بۆیە دوودڵی نایگرێ و بەزۆری شت بەسەر ڕوواوەکەدا ناسەپێنێت، هەوڵیش نادات ڕوواوەکە پێبگەیەنێ بە جگەلە ئامرازو شێوازە سروشتی و هێدییە هاوسەنگ و نەرم و نیان و دڵگیرەکان... ئەمە بەرنامەی خوایە لە سەرجەم بوونەوەرو گەردووندا... ﴿وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلٗا ٦٢﴾ الأحزاب. واتە: **(هەرگیز گۆڕانکاری نابینی لە یاسا و بەرنامەکانی خوادا).**

ڕاستی و حەق لە بەرنامەی خوادا سەبارەت بە دروستکرانی ئەم بوونەوەرە چەسپاوە. ئەم بوونەوەرە دەرەنجامی هەڵێك یان ڕێکەوتی نەخوازراو نییە... هەر خوای گەورەیە زاتی ڕاست و دروست و حەق.

---

[1] خۆم زیادم کردووە. (وەرگێڕ).

بوونی هەموو بوونەوەرێك لە بوونی خوای مەزنەوە سەرچاوە دەگرێت:

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلْبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٣٠﴾ ﴾ لقمان. واتە: (**بێگومان هەر خوا خۆی حەق و ڕاستەقینەیە، بەڕاستی هەرچی خەڵكی لە جیاتی خوا دەیپەرستن و هاواری لێ دەكەن پوچەڵ و نا حەقییە، دڵنیابن خوا هەر خۆی هەمیشە پایەبەرزو بڵندو گەورەیە**).

خوای گەورە ئەم بوونەوەرو گەردوونەی بە ڕاست و دروست بەدیهێناوە بێ تێكەڵ بوونی هیچ پوچەڵی و نا حەقییەك: ﴿ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ﴿٥﴾ ﴾ یونس. واتە: (**خوای گەورە ئەمە لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی بەدیهێناوە**)... ﴿ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَٰطِلًا سُبْحَٰنَكَ ﴿١٩١﴾ ﴾ آل عمران. واتە: (**پەروەردگارا" تۆ ئەو هەموو دروستكراوانەت بێ هودە و بێ مەبەست دروست نەكردووە**). حەق و ڕاستی ڕاستەڕێ و ڕاگری بوونەوەرن، ئەگەر بوونەوەر لێی لادا ئەوا خراپ و گەندەڵ دەبێ و تێكدەچێ: ﴿ وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلْحَقُّ أَهْوَآءَهُمْ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ ﴿٧١﴾ ﴾ المؤمنون.

واتە: (**ئەگەر حەق و ڕاستی شوێن ئارەزووی ئەوان بكەوێت، ئەوا ئاسمانەكان و زەوی و هەموو ئەوەی تیایاندایە دەشێواو تیادەچوو و سەرگەردان دەبوو**).... بۆیە دەبێ حەق و ڕاستی دەربكەوێت، پێویستە نا حەقی و

پوچەڵی تێکبشکێت و لەناوبچێت... هەر چەندە ڕووکارەکان پێچەوانەی ئەمە بن ئەوا چارەنووسەکەی بەرەو دەرکەوتنی ڕاستی ڕاشکاو دەچێت: ﴿ بَلْ نَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَى الْبَاطِلِ فَيَدْمَغُهُ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ ﴿١٨﴾ ﴾ الأنبياء. واتە: (حەق بەسەر نا حەقدا دەدەین، سەری نا حەقەکە پان دەبێتەوەو مێشکی دەپرژێ، بەمەش دەفەوتێ و لە ناودەچێت).

خێرو بێرو چاکەخوازی و ڕێك و پێکی چەسپاو و ڕەسەنن لە بەرنامەی خوادا، تا بەرنامەی خوا لەسەر زەوی بمێنێت: ﴿ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ زَبَدًا رَّابِيًا وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ ابْتِغَاءَ حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِّثْلُهُ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ ﴿١٧﴾ ﴾ الرعد. واتە: (هەر ئەو زاتە لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە، بە ئەندازەی ئەو دۆڵ و نشێوە بەهۆی ئەو بارانە پڕ دەبن _ ئینجا لافاوێك دروست دەبێت _، ئەو لافاوە کەف و کوڵی بەرز هەڵگرتووە، هەروەها لەسەر ڕووی ئەو کانزایانەی کە ئاگری تێبەردەدەن و دەیتوێننەوە بە ئاگر بۆ دروستکردنی خشڵ _ وەك: ئاڵتوون و زیو و پلاتین _ یاخود بۆ پێویستی دیکە _ وەك: ئاسن و مس و قوڕقوشم _ کەف و کوڵ دروست دەبێت وەك کەف و کوڵی سەر

ئاواکە، ئا بەم شێوەیە خوا نموونە دێنێتەوە بۆ حەق و نا حەق و ڕاست و ناڕاست، جا ئەوەی کەف و کوڵ و بێ سوود و کەڵکە دەڕوات و دەپوکێتەوە، بەڵام ئەوەی کە سوود بەخش و بە کەڵکە بۆ خەڵکی لەسەر زەویدا هەر ئەوە دەمێنێتەوە، ئا بەم شێوەیە خوا نموونە فرە جۆرەکان دەهێنێتەوە)... ﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾ تُؤْتِىٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍۭ بِإِذْنِ رَبِّهَا ۗ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٥﴾ وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ ٱجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ ٱلْأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ ﴿٢٦﴾ يُثَبِّتُ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱلْقَوْلِ ٱلثَّابِتِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَيُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلظَّٰلِمِينَ ۚ وَيَفْعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ﴿٢٧﴾ ﴾ إبراهيم. واتە: (ئایا نەتانبینیوەو نەتانزانیوە چۆن خوا نموونە دەهێنێتەوە بە گوفتاری چاك و پاك، کە وەك درەختی چاك و بەردار وایە، ڕەگی بە توندی داکوتاوە، لق و پۆپەکانیشی بە ئاسماندا بڵاو بوونەتەوە. ئەم درەختە هەموو کات و دەمێك بەرو بوومی _ پاك و جوان و بێگەردی _ دەبەخشێت بە ویستی پەروەردگاری، جا خوای پەروەردگار ئەم نموونانە دەهێنێتەوە بۆ خەڵك، بەڵکو یادەوەری وەرگرن. نموونەی گوفتاری پیس و ناپوختیش وەکو درەختی زڕو پیس و بێ سوود وایە،

**کە هەڵکێشرابێت و لەسەر ڕووکاری زەوی فڕێدرا بێت، بەهیچ بارێکدا خۆی نەگرێت. خوای گەورە ئەوانەی باوەڕیان هێناوە پایەدار دەکات لەسەر گوفتاری بەجێ و دروستیان لە ژیانی دونیادا، لە سەرمەرگ و دوارۆژیشیدا، گوفتاریان ڕێك و پێك و دامەزراو دەبێت و بە ئیمانەوە دەمرن، لەولاشەوە هەر ئەو خوایە ستەمکاران گومڕا دەکات و پەروەردگارت ئەوەی بیەوێت هەر ئەوە پێش دێت و ئەوەی ویستی لەسەر بێت ئەنجامی دەدات)**.

ئای ئەمە چ ئاسوودەییەکە ئەم بۆچوون و تێڕوانینە دروستی دەکات!؟ چ ئارامییەکە بەسەر دڵ و دەروونـدا دەڕژێنێ؟! چ متمانەیەکە بە ڕاستی و خێرو چاکە؟ چ هێزو باڵاتربوونێکە ناخ و ویژدان بەدەستی دەهێنێت بەسەر واقیع و بارودۆخی بچوکدا؟!.

* * *

لە ماوەی ژیان _ لە سایەی سێبەری قورئاندا _ گەیشتمە دڵنیاییەکی چەسپاو و یەکلاکەرەوە... سەبارەت بەوەی چاکسازی لەسەر ئەم زەوییە نابێ، مرۆڤایەتی حەسانەوەی بۆ نابێ، ئاسوودەیی توخنی دەروونی ئادەمیزاد ناکەوێ، بەرزبوونەوەو فەڕو پیرۆزی و پاکژی و گونجان و هەماهەنگی لەگەڵ یاسا و ڕێسا گەردوونییەکان و سروشتی ژیان نابێ... تەنها بەگەڕانەوە نەبێ بۆ لای خوا... .

گەڕانەوە بۆ لای خوا تەنها یەك شێوەو ڕێگەی هەیە _ وەك چۆن لە سایەی سێبەری قورئاندا دەردەكەوێت _، ڕێگە و شێوازی دیكەی نییە، ئەویش بریتییە لە گەڕانەوەی لە هەموو بوارو لایەنەكانی ژیاندا بۆ بەرنامەی خوا كە بۆ مرۆڤایەتی دایڕشتووە لە كتێبە پیرۆزو بەڕێزەكەیدا... كە دەبێ بە تەنها كتێبی خوا سەروەرو دادوەر بێ لە ژیانی تاكدا، لە هەموو كاروبارو دۆزو پرسێكی ژیاندا تەنیا پەنا بۆ ئەو ببرێ بۆ یەكلاكردنەوەو بڕیار لەسەردانی، ئەگەرنا گەندەڵی و خراپەكاری و بەدكاری لەسەر زەوی بەرپا دەبێت، سەرگەردانی لە ناو خەڵكدا سەروەر دەبێ، سەرەوژێر تاكەكان دەكەونە ناو زەلكاوی بۆگەنەوە، لە جیاتی خواناسی ئەوا نەفامی بڵاودەبێتەوە كە بازاری ئارەزووپەرستی خۆشدەكات: ﴿ فَإِن لَّمۡ يَسۡتَجِيبُواْ لَكَ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهۡوَآءَهُمۡۚ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيۡرِ هُدٗى مِّنَ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ۝٥٠ ﴾ القصص. واتە: (**خۆ ئەگەر بەدەم بانگەوازی تۆوە نەهاتن، ئەوە چاك بزانە كە ئەوانە هەر شوێن ئارەزووی خۆیان دەكەون، كێ هەیە لەوە گومڕاتر كە شوێن ئارەزووی خۆی كەوتبێت، دوور لە هیدایەت و ڕێنموویی خوا، بێگومان خوا ڕێنموونی گەلی ستەمكار نادات**).

کارکردن بە بەرنامەی خوای مەزن و بە دادوەردانانی پەیڕەو (منهج)ی خوا، خێرو چاکەیەکی زیادە و سوننەت نییە، شتێك نییە موسڵمان تێیدا سەرپشك بێت، بەڵکو بە دادوەردانان و کارکردن بە بەرنامەی خوا ئیمان و باوەڕە... یان جگەلەوە ئیمان و باوەڕێکی تر بوونی نییە... ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾﴾ الأحزاب.

واتە: (بۆ هیچ پیاو و ئافرەتێکی موسڵمان دروست نییە، کاتێك خواو پێغەمبەرەکەی بڕیاری شتێك بدەن، ئەوان سەرپشك بن لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا، چونکە ئەوەی سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ئەوە ڕوون و ئاشکرا گومڕا و سەرلێشێواوە).... ﴿ثُمَّ جَعَلْنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾ إِنَّهُمْ لَن يُغْنُوا۟ عَنكَ مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۚ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۖ وَٱللَّهُ وَلِىُّ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٩﴾﴾ الجاثية.

واتە: (لەوەو دوا ئێمە تۆمان ئەی محمد (درود و سڵاوی خوای لەسەر بێت) خستۆتەسەر بەرنامەیەکی ڕاست و ڕەوان لە هەموو کاروبارێکی ئەم ئاینەدا، کەواتە شوێنی بکەوەو لێی لامەدە، نەکەیت شوێنی هەواو ئارەزووی ئەوانە بکەویت کە نازانن و نافامن. ئەوانە هیچ کات فریات ناکەون و لە دەستی

**توانستی خوا ڕزگارت ناكەن _ ئەگەر خوا لە خۆت بڕەنجێنیت و نافەرمانی بكەیت _، بەڕاستی ستەمكاران پشتی یەك دەگرن، خواش پشت و پەنای دیندارو لەخواترس و پارێزكارانە).**

كەواتە مەسەلەكە گاڵتە نییە بەڵكو ڕاستییە... ئەو مەسەلەیە دەربارەی بیروباوەڕە هەر لە بنچینەكەیەوە... دواتر ئەو مەسەلەیە پەیوەستە بە بەختەوەری و بەدبەختی مرۆڤایەتی... مرۆڤایەتی _ كە بەدیهێنراوی خوایە _ ناتوانێت قوفڵەكانی سروشتی خۆی بكاتەوە تەنها بەو كلیلانە نەبێ كە خوای مەزن بەدیهێناوە؟ دەرد و نەخۆشییەكانی تەنها بەو دەرمانە چارەسەرو تیمار دەبن كە لە دەستی توانستی _ خوای گەورەوە _ هاتوونەتە بوون، خوای گەورە كلیلەكانی ئەم قوفڵانە و چارەسەری ئەم دەردانەی تەنها لە ناو بەرنامەكەی خۆیدا داناوە:

﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٨٢﴾ ﴾ الإسراء. واتە: (**ئێمە لە قورئان ئایەت و سورەتانێك دادەبەزێنین، كە ببێتە هۆی شیفا و چارەسەر بۆ نەخۆشییە دەروونی و جەستەییەكان و ڕەحمەت و میهرەبانیش بۆ باوەڕداران**)...

﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ ﴿٩﴾ ﴾ الإسراء. واتە: (**بەڕاستی ئەم قورئانە ڕێنونیكارە بۆ چاكترین ڕێگە و بەرنامە و ڕێباز**)... بەڵام مرۆڤایەتی نایەوێ قوفڵەكە بگەڕێنێتەوە لای دروستكەرەكەی.. دەردەكە بباتەوە لای

بەدیهێنەرەكەی... نایەوێ ئەو ڕێگەیە لەبارەی خۆی و مرۆڤایەتی و خۆشبەختی و بەدبەختی بگرێتەبەر كە لەبارەی ئەو ئامێرو ئامرازو دەزگا ماددییە كەم نرخانەی خۆی دەیگرێتەبەر بۆ پێداویستییە بچوكەكانی ڕۆژانەی... كە باش دەزانی بۆ چاككردنەوەی دەزگا و ئامێرەكە پێویستی بە ئەندازیاری دروستكەر هەیە كە ئامێرەكەی دروستكردووە. كەچی مرۆڤایەتی هەمان یاسا لەسەر مرۆڤ جێبەجێ ناكات، بەوەی بیگەڕێنێتەوە بۆ لای ئەو دروستكەرەی كە لەلایەن ئەوەوە بەدیهاتووە، تەنانەت پرس و ڕاوێژیش ناكات بەو بەدیهێنەرەی ئەم ئامێرە سەرسوڕهێنەی بەدیهێناوە... ئامێری سەرسوڕهێنی مرۆڤی مەزن و ڕێزدار كە زۆر ورد و ئاڵۆزە، كە تەنها بەدیهێنەرەكەی زانایە بە خاڵە ورد و درشتەكانی دەرو دەروونی: ﴿ وَأَسِرُّواْ قَوْلَكُمْ أَوِ ٱجْهَرُواْ بِهِۦٓ إِنَّهُۥ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿١٣﴾ أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٤﴾ ﴾ الملك. واتە: (**بەڕاستی خوا بە هەموو ئەو خەیاڵ و خەتەرانەی دێن بە كرۆكی سینەكاندا زانا و ئاگایە. مەگەر خوا نازانێت كێی دروست كردووەو چۆن دروستی كردووە، لە كاتێكدا ئەو زاتە وردكارو بەسۆزو شارەزایە**).

ئا لێرەوە بەدبەختی و ناخۆشی بەرۆكی مرۆڤایەتی وێڵ و گومڕای گرت. ئەو مرۆڤایەتییە هەژارو سەرگەردانەی كە ڕێگەی ڕاست نا

دۆزێتەوەو ڕێنوێنی بەدەست ناخات و نا حەسێتەوە و بەختەوەری لە سینە نا ئاژنێت تا ئەو کاتەی سروشتی مرۆڤایەتی نەگێڕێتەوە بۆ دروستکەرە گەورە و پایەدارەکەی، وەك چۆن ئامێری بێ نرخ بۆ دروستکەرە بچوکەکەی دەگێڕدرێتەوە!.

لادان و دوورخستنەوەی ئیسلام لە ڕابەرایەتی و پێشەوایەتی کردنی مرۆڤایەتی ڕووداوێکی زۆر مەزن بوو لە مێژووی ئادەمیزاددا، ئەمە کارەساتێکی جەرگبڕو پشت شکێن بوو لە ماوەی ژیانیدا، کارەسات و نەهامەتییەکی ئەوەندە مەزن بوو مرۆڤایەتی شتی وا هاوشێوەی بەخۆوە نەبینی بوو...

ئیسلام جڵەوی سەرکردایەتی گرتەدەست لە کاتێکدا سەر زەوی گەندەڵ و ژیان بۆگەن و سەرکردایەتیەکان خراپ ببوون، مرۆڤایەتی دەیناڵاند بەدەست سەرکردایەتییە خراپەکانەوە، ﴿ظَهَرَ ٱلۡفَسَادُ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ بِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِي ٱلنَّاسِ ۝٤١﴾ الروم. واتە: (**بەدکاری و تاوان و گەندەڵی دەرکەوتووەو هەموو سەر زەوی و دەریاکانیشی گرتۆتەوە، بەهۆی ئەو تاوان و گوناهانەی خەڵکی دەستیان داوەتی**).

ئیسلام سەرکردایەتی گرتەدەست بە قورئانی پیرۆزو بەو تێڕوانین و بۆچوونە نوێیەی کە قورئانی پیرۆز هێناویەتی، هەروەها بەو یاسا و

ڕێسایەی کە هەڵقوڵاون لەو تێڕوانین و بۆچوونە... ئەمە بۆ مرۆڤ بووە لە دایکبوونێکی نوێ کە لە ڕاستیدا زۆر لە لەدایکبوونەکەی یەکەم جاری مەزنتر بوو. ئەم قورئانە بۆچوون و تێڕوانینێکی تازەی بۆ مرۆڤایەتی دارِشت دەربارەی بوون و گەردوون و ژیان و بەها و یاساکان؛ هەروەك واقیعێکی کۆمەڵایەتی بێ هاوتا و دەگمەنی بۆ ئەم بۆچوونە هێنایە کایە و دەستەبەرکرد، پێش ئەوەی قورئان واقیعێکی وا دروست بکات ئەوا خەیاڵ زۆر خۆی پێ لەوە کەمتر بوو ئەندێشەی واقیعێکی بەرزی لەو جۆرە بکات... بەڵێ! بەڕاستی واقیعیەکە ئەوەندە پاك و خاوێن جوان و گەورە و بەرزو سادە و ساکارو باش و واقیعی و هاوسەنگ و گونجاو بوو کە هەرگیز شتی وا بە خەیاڵی مرۆڤایەتیدا نەدەهات، بەڵام خوای مەزن ئەمەی بۆ مرۆڤایەتی ویست، لە ژیان و تەمەنی مرۆڤایەتیدا گەڵاڵەی کرد... هەموو ئەمەش لە سایەی سێبەرو پەیڕەو و بەرنامەی قورئانی پاك و پیرۆزدا هاتە کایە.

دواتر کارەساتە پشتشکێنەکە ڕوویدا؛ ئیسلام لە سەر سەکۆی سەرکردایەتی دوورخرایەوە، ئەمەش بۆ ئەوە بوو تا نەفامی جارێکی تر لەسەر تەختی سەرکردایەتی بنیشێتەوە، لە وێنە و شێوەیەك لە شێوە زۆرو جۆراو جۆرەکانی، لە شێوەی بیرکردنەوەی ماددەگەرایی کە ئەمڕۆ

مرۆڤایەتی پێی سەرسامە، وەك چۆن زارۆك سەرسام دەبن بە جل و بەرگی بریقەدارو یاری ڕەنگدارە پڕشنگەکان!.

بەڕاستی ئێستا دەستە و تاقمێکی گومڕاکەرو فێڵباز هەیە کە دوژمنی مرۆڤایەتییە، بەرنامەی خوایی دەخەنە ناو تای تەرازوویێك و داهێنان و پێشکەوتنە مرۆییەکان لە جیهانی ماددەدا دەخەنە ناو تای تەرازووەکەی ترەوە؛ دواتر بە مرۆڤایەتی دەڵێن: هەڵبژێرە!! یان بەرنامەی خوا بۆ ژیان و پشتکردنە هەموو ئەو شتانەی دەستی مرۆڤ دایهێناوەو دەستی خستووە لە جیهانی ماددەدا هەڵبژێرە!! یاخود داهێنان و بەرهەمی زانست و زانیارییە مرۆییەکان و پشتگوێخستنی بەرنامەی خوا هەڵبژێرە!! ئەمە هەڵخەڵەتاندنێکی ناپاك و پیس و پۆخڵ و نەگریسە، چونکە بابەت و کێشەکە بەم شێوەیە نییە... هەرگیز بەرنامەی خوا دژی داهێنان و پێشکەوتنە مرۆییەکان نییە... بەڵکو هەر خۆی سەرچاوەی ئەم داهێنان و پێشکەوتنەیە و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئاڕاستەی دەکات... ئەمەش بۆ ئەوەی مرۆڤ بە شایستەترین شێوە ئەرکی جێنشینایەتی خۆی لەسەر ئەم زەویە بەجێ بگەیەنێت. ئەو ئەرك و پێگەیەی خوا بە ئادەمیزادی داوەو تواناشی پێیداوە لەسەر بەرپاکردنی، تەنانەت ئەوەندە وزەی شاراوەی پێ بەخشیوە کە هاوتابێ لەگەڵ ئەو بەرپرسیارێتی و ئەو ئەرکەی کە خراوەتە سەر شانی، خوای مەزن یاسا

گەردوونیەکانیشی بەشێوەیەك بۆ فەراهەم کردووە کە یارمەتیدەر بێت لەسەر دەستخستنی؛ گونجان و ڕێکخستنی داناوە لە نێوان پێکهاتەی مرۆڤ و گەردوون بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی ژیان و کارو داهێنان و پێشکەوتن... بەوپێیەی کە خودی ئەم داهێنانە ببێتە خواپەرستی و ئامرازێك لە ئامرازەکانی سوپاس و ستایشکردنی خوا لەسەر نازو نیعمەت و بەهرە گەورە و زۆرەکانی، پابەند بێ بە مەرج و بەرنامەی خوا لە گرێبەستی جێنشینایەتیدا، ئەو پابەندبوونەش بەوە دەبێ کە کار بکات و بجوڵێتەوە لە بازنەی ڕەزامەندی خوادا. بەڵام ئەوانەی بەرنامەی خوا دەخەنە تای تەرازوویێك و داهێنانە مرۆییەکان لە جیهانی ماددەدا دەخەنە تایەکەی دیکەی تەرازووەوە... بێگومان ئەوانە نیازو مەبەستیان ناپاك و خراپە، ڕاوەدووی ئەم مرۆڤایەتییە سەرگەردان و ماندووە دەنێن، هەر کاتێك ئەم مرۆڤایەتییە ماندوو بوو لە دەستی وێڵی و سەرگەردانی و گومڕایی و ویستی گوێ بگرێ لە تاکە دەنگی دڵسۆزی و ئامۆژگاری و لە وێڵی و تیاچوون و ونبوون بگەڕێتەوەو ئاسوودەبێ لە پاڵ سایەی بەرنامەی خوا...

کەسانی تر هەن نیازو مەبەستیان پاکە؛ بەڵام هۆشیاری هەمەلایەن و درك پێکردنی قوڵیان نییە... ئەوانە سەرسام دەبن بەو هێزو یاسا سروشتییانەی مرۆڤ ئاشکرای کردووە، هەروەها مەندەهۆش دەبن بە

سەرکەوتنە مرۆییەکان لە جیهانی ماددەدا. جا ئەم سەرسام بوون و مەندەهۆش بوونە لە هەست و ناخی ئەواندا جیاوازی دەکات لە نێوان هێزی سروشت و بەها ئیمانییەکان و کارو کاریگەرییە واقیعییەکانی لە گەردوون و واقیعی ژیاندا، بەمەش چەند بوارێك بۆ یاسا سروشتییەکان دادەنێن، چەند بوارێکی دیکەش بۆ بەها ئیمانییەکان دادەنێن؛ پێیان وایە یاسا سروشتییەکان لە ڕێگەی خۆیاندا دەڕۆن بێ کاریگەر بوون بە بەها ئیمانییەکان، ئەم یاسا سروشتییانە بەرهەمی خۆیان دەدەن ئەگەر خەڵك باوەڕ بهێنن یان بێ باوەڕ بن. شوێن پەیڕەوی خوا بکەون یان پەیڕەوی خوا پشتگوێ بخەن. حوکم بە بەرنامەکەی بکەن یاخود بە هەواو ئارەزووی خەڵك!.

ئەمە خەیاڵ و لەخشتەچوونە... ئەمە جیاکردنەوەی دوو جۆری یاسای خواییە، کە لە ڕاستیدا لەیەکتر جیا نین. ئەم بەها ئیمانیانە بریتین لە هەندێك ڕێسا و یاسا خواییەکان لە گەردووندا و وەك یاسا سروشتییەکان یەك شتن. دەرەنجامەکانی هەر دوو جۆری یاساکە بەستراونەتەوە بەیەکتری و تێك ئاڵاون، هیچ پاساوێك نییە بۆ جیاکردنەوەی ئەم یاسا خواییانە لە هەست و تێڕوانینی باوەڕداردا... ئەمە تێڕوانینی ڕاست و دروستە کە قورئان لە ناخ و دەرووندا دروستی دەکات کاتێك لە سایەی قورئاندا ژیان بگوزەرێنێت. ئەم تێڕوانینە دروست

دەکات لە میانەی دوان لەبارەی خاوەن کتێبە پێشووەکان و لادانیان لە کتێبە ئاسمانیەکانیان و کاریگەری ئەم لادانە لە کۆتایی ڕێگاکە: ﴿ وَلَوۡ أَنَّ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَكَفَّرۡنَا عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡ وَلَأَدۡخَلۡنَٰهُمۡ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ٦٥ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ أَقَامُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِم مِّن رَّبِّهِمۡ لَأَكَلُواْ مِن فَوۡقِهِمۡ وَمِن تَحۡتِ أَرۡجُلِهِمۚ ٦٦ ﴾ المائدة. واتە: (خۆ ئەگەر بەڕاستی خاوەن کتێبەکان باوەڕیان بهێنایە و پارێزکار بوونایە، ئەوە چاوپۆشیمان لە خراپەکانیان دەکرد و لێیان خۆش دەبووین و دەمانخستنە ناو بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەتەوە. خۆ ئەگەر بەڕاستی هەستابان بە پەیڕەو و پیادەکردنی تەوڕات و ئینجیل و ئەو قورئانەش کە لەلایەن پەروەردگاریانەوە بۆیان هاتووەتە خوارەوە، ئەو کاتە خۆراکیان دەخوارد لەسەر سەرو لەبەر پێیانەوە). ئەم بۆچوونە دروست دەکات لە کاتێکدا قسە دەکات لەسەر ئەو بەڵێنەی نوح بە گەلەکەیدا: ﴿ فَقُلۡتُ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارٗا ١٠ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا ١١ وَيُمۡدِدۡكُم بِأَمۡوَٰلٖ وَبَنِينَ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ جَنَّٰتٖ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ أَنۡهَٰرٗا ١٢ ﴾ نوح. واتە: (بەردەوام پێم دەگوتن: داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن، چونکە بەڕاستی زاتێکی لێبوردە و لێخۆشبووە. بارانتان بە لێزمە و خوڕەم بۆ دەبارێنێت. ماڵ و سامان و نەوەتان پێ دەبەخشێت، هاوڕێ لەگەڵ باخ و

**باخاتدا، ڕووبارو چەم و جۆگەتان بۆ بەدیدەهێنێت**). خوای گەورە ئەو تێڕوانین و بۆچوونە دروست دەکات لە کاتێکدا دەدوێت لەسەر واقیع و بارودۆخی دەروونی خەڵك و بارودۆخی دەرەکی کە خوا بەسەریاندا دێنێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ ۝١١﴾ الرعد. واتە: (**بێگومان خوا بارودۆخی هیچ گەلێك ناگۆڕێت، هەتا ئەوان ئەوەی بەخۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و ئەنجامی نەدەن**)...

باوەڕبوون بەخوای گەورە و خواپەرستی کردن بە چەسپاوی و خۆڕاگری و بەرپاکردنی بەرنامەکەی لەسەر زەوی... هەموویان جێبەجێ بوونی یاسا و ڕێسا خواییەکانن. ئەم یاسایانە خاوەن کاریگەری باش و چاکن، هەڵقوڵاون لە هەمان ئەو کانگایەی کە تێکڕای ڕێسا گەردوونیەکانی تری لێ هەڵدەقوڵێن و شوێنەوارە واقیعییەکانی دەبینین بە هەست و تاقیکردنەوە.

لەوانەیە هەندێك کات و سات دیاردە و ڕووکاری هەڵخەڵەتێنەرەکان وامان لێ بکەن کە وا هەست بکەین جیاوازی هەیە لە نێوان ڕێسا و یاسا گەردوونییەکان، ئەمەش کاتێك دەبینین شوێنکەوتنی یاسا سروشتییەکان سەر دەکێشن بۆ سەرکەوتن ئەگەر بەها ئیمانیەکانیش پشتگوێ بخرێن... لەوانەیە دەرەنجامە ناهەموارەکانی ئەم جیاوازی کردنە لە سەرەتای

ڕێگەکە دەرنەکەوێ، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە کۆتاییەکەیدا گەڵاڵە دەبێت... هەمان ئەم شتە بەسەر کۆمەڵگەی موسڵماندا هات. هێڵی سەرکەوتن و هەڵکشانی کۆمەڵگەی موسڵمان دەستی پێکرد لە خاڵی بەیەکگەشتنی یاسا سروشتییەکان و بەها ئیمانیەکان لە ماوەی ژیانی ئەم کۆمەڵگەیەدا. هێڵی نزم بوونەوەی لە خاڵی جیاواز بوونی یاسا سروشتی و بەها ئیمانیەکان دەستی پێکرد. هەر کە درزی جیاوازییەکە زیاتر دەبوو لە ناو کۆمەڵگەی موسڵماندا، ئەوا ئەم کۆمەڵگەیە هەر بەردەوام بوو لە داکشان و نزم بوونەوە تا گەیشتە ئەوپەڕی نزمی کاتێ یاسا سروشتییەکان و بەها ئیمانیەکانی بەیەکەوە فەرامۆشکرد...

ئەمڕۆ لە ڕێگاکەی دیکەدا شارستانیەتی ماددی وەستاوە. وەك ئەو باڵندەیەی کە تەنها یەك باڵی بەهێز دەکوتێت و هەوڵی فڕینی پێدەدات، لە کاتێکدا باڵەکەی تری شکاوە، جا لە داهێنانی ماددیدا بەرز دەبێتەوە بە ئەندازەی دوورکەوتنەوەو شکست هێنان لە واتا و بەها مرۆییەکاندا، ئەم شارستانیەتە ماددییە دەناڵێنێ بەهۆی دوودڵی و سەرگەردانی و دەردە دەروونی و دەمارگیرییەکان، بەشێوەیەك کە ژیرمەندان تیایدا هاواریانە لە دەستی... کەچی ڕێنوێنی بەرەو بەرنامەی خوا وەرناگرن... لە کاتێکدا تاکە چارەسەرو دەرمان بەرنامەی خوایە.

بەرنامەی خوا بۆ خەڵك چەپێك و لایەنێكە لە یاسای گشتی تێكڕای ئەم گەردوونە، پیادەكرانی ئەم یاسا و بەرنامەیە دەبێ كاریگەرییەكی باشی هەبێت بۆ هێنانە كایەی گونجاندن و هەماهەنگی لە نێوان ڕەوتی خەڵك و ئاڕاستەی گەردوون... بەرنامەی خوا بەرهەمی باوەڕو ئیمانە و بەبێ بنچینە و بناغە گەورەكەی پایەدار نابێ و ناكەوێتە سەرپێ، بەرنامەی خوا دانراوە تا لە ناو كۆمەڵگەیەكی موسڵماندا پیادە بكرێت، هەروەها بەشداریش بێ لە بنیاتنانی كۆمەڵگەی موسڵماندا. بەرنامەی خواو تێڕوانینی ئیسلامی تەواوكەری یەكترن دەربارەی بوون و بوونەوەری گەورە و بوونی مرۆڤایەتیش، هاوشان لەگەڵ ئەوەی ئەم تێڕوانینە ئیسلامییە هەڵدەستێ بە دروستكردنی لەخواترسان لە دروون و ویژداندا، پاك و خاوێنی لە هەست و نەستدا و گرنگی دان بە شتی گەورە و بەهادارو ڕەوشت بەرزی و چەسپاوی و جێگیری لە خووڕەوشت و ئاكاردا... بەم پێیە گونجان و هەماهەنگی ڕەسەن و قەشەنگ دەردەكەوێت لە نێوان یاسا و ڕێسا خواییەكان، چ ئەوانەی ناوی دەنێین یاسا سروشتییەكان یاخود ئەوانەی ناویان دەبەین بە بەها ئیمانییەكان... ئەمانە هەموویان چەند چەپك و لایەنێكن لە یاسا هەمەلایەن و گشتگیرەكانی خوای مەزن بۆ ئەم بوونە.

مرۆڤیش بە هەمان شێوە هێزێکە لە هێزەکانی بوونەوەر، خواست و کارو ئیمان و چاکی و خواپەرستی و چالاکییەکانیشی خاوەنی هێزی باشن لەم بوونەوەرەدا، پەیوەستە بە یاسای گشتگیری خوا لەم بوونەوەرەدا... هەموو ئەو شتانە کار دەکەن بەشێوەیەکی هەماهەنگ، بەروبومەکەی بە تەواوی دەدات کاتێك ئەم یاسایانە کۆدەبنەوەو هەماهەنگ دەبن، لە کاتێکدا کە ئەم یاسایانە لە یەکتر جیا دەبنەوە و بە یەکدادەدەن ئەوا شوێنەواری خراپ و ناهەمواری لێ دەپشکوێتەوەو ژیانیشی لەگەڵ تێکدەچێت، بەدبەختی و بەدکاری و تاوانکاری لە ناو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە، ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمۡ يَكُ مُغَيِّرٗا نِّعۡمَةً أَنۡعَمَهَا عَلَىٰ قَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ ٥٣ ﴾ الأنفال. واتە: (**بێگومان خوا هیچ نازو نیعمەتێکی نەگۆڕیوە کە بەخشیبێتی بە هەر گەل و نەتەوەیەك، هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن**). هەماهەنگی و پەیوەندی زۆر توووند و تۆکمە هەیە لە نێوان کارو کردەوەو هەستی مرۆڤ لەگەڵ ڕێڕەوی ڕووداوەکان لە بازنەی یاسای گشتگیری خوا بۆ هەموو بوونەوەر. تەنها یەکێك نیگای دەکات دەربارەی پچڕاندنی ئەم پەیوەندییە و کەم و کورتی خستنە ناو ئەم هەماهەنگی و گونجانە و ڕەوتی خەڵك و یاسا خواییە بەردەوامەکان کە دوژمنی مرۆڤایەتییە، ڕاوەدووی ئادەمیزاد دەنێت بە بەردەوامی و دووری

دەخاتەوەو بێ بەشی دەكات لە ڕێگەی بەرەو خواچوون و شاڕێگەی ڕاست و دروستی پەروەردگاری ڕێزدار...

* * *

ئەمانە چەند ڕازو نیازو سەرنجێك بوون لە ماوەی ژیان لە سایەی سێبەری قورئاندا. هیواردارم خوای گەورە بیكاتە مایەی سوود و كەڵك و ڕێنوێنی. بێگومان هیچ كارێك ناكرێ و ئەنجام نادرێ بەویستی هیچ كەسێك، مەگەر خوا خواست و ویستی لەسەر بێت...

**سەید قوتب**

# سوڕەتی فاتیحە

**مەککەییە و حەوت ئایەتە**



موسڵمان ئەم سورەتە کورت و پوختە کە لە حەوت ئایەت پێکهاتەوە، لە هەر ڕۆژو شەوێکدا بەلایەنی کەمەوە حەڤدە جار دووبارەی دەکاتەوە، دوو ئەوەندە دووبارەی دەکاتەوە ئەگەر نوێژە سوننەتەکان بکات؛ بێ ئەندازە ئەم سورەتە دووبارە دەکاتەوە ئەگەر ویستی لە خزمەت پەروەردگاری لە کردنی نوێژە سوننەتە لاوەکییەکاندا بەردەوام بێت، جگەلە نوێژو سوننەتە سەرەکییەکان. نوێژ بەبێ خوێندنی ئەم سورەتە بەرپا ناکرێ و دروست نابێ، لەبەر ئەوەی لە هەر دوو سەحیحی بوخاری و موسلیمدا لە پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لەسەر بێت) هاتووە کە عوبادەی کوڕی سامیت گێڕاویەتەوە: ((لَا صَلَاةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ)) واتە: (**نوێژی کەسێك دروست و تەواو نییە، بەبێ خوێندنی سورەتی سەرەتای قورئانی پیرۆز _ سورەتی فاتیحە _**).

ئەم سورەتە هێڵە گشتییەکانی بیروباوەڕو بنەما سەرەکییەکانی تێڕوانین و ڕێنوێنی و ڕێنیشاندان و ئاراستەکردن و هەستی هەمەلایەنی ئیسلامی لە خۆگرتووە، کە ئاماژە دەکات بۆ لایەنێك لە حیکمەت و دانایی هەڵبژاردنی ئەم سورەتە بۆ دووبارە بوونەوە لە هەموو ڕکائەتێکدا و پوچەڵ بوونی هەر نوێژێك کە ئەم سورەتی تێدا نەخوێندرێت..

*   *   *

سورەتەکە بە ناوی خوای بەخشندەی دلۆڤان: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ دەست پێدەکات... سەرباری ئەوەی ڕاجیایی هەیە دەربارەی ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ کە ئایا ئایەتێکە لە هەر سورەتێك یان ئایەتێك نییە لە هیچ سورەتێك بەڵکو لە سەرەتا هەر سورەتێك دەخوێندرێت بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری، بەڵام ڕای پەسەند ئەوەیە کە ئایەتێکە لە سورەتی فاتیحە، بەم ئایەتەوە ئایەتەکانی سورەتی فاتیحە بە حەوت ئایەت دادەنرێن. بۆچوونێکیش هەیە کە مەبەستی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَٰكَ سَبۡعٗا مِّنَ ٱلۡمَثَانِي وَٱلۡقُرۡءَانَ ٱلۡعَظِيمَ ٨٧﴾ الحجر. واتە: (**بەڕاستی ئێمە حەوت ئایەتی _ سورەتی فاتیحەمان _ پێداوی، _ کە هەموو ڕۆژێ لە نوێژەکاندا _ دووبارە دەبنەوە، هەروەها قورئانی مەزن و گەورەشمان پێ بەخشیویت**). بریتییە لە سورەتی فاتیحە، بەوپێیەی حەوت ئایەتە و لە (المثاني)یە، چونکە: دووبارە دەکرێتەوەو بەردەوام لە نوێژدا دەخوێندرێت.

دەستپێکردن بە ناوی خوا بریتییە لە پەند و خوو ڕەوشتێکی بەرز کە خوای گەورە سروشی لەبارەوە نارد بۆ پێغەمبەر (**درود و سڵاوی خوای لەسەر بێت**)، بێ ڕاجیایی هەر لە یەکەم ئایەت کە لە قورئانی پیرۆز

دابەزی، ئەویش ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزە: ﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ﴿١﴾ ﴾ العلق. واتە: (_ ئەی محەممەد (درود و سڵاوی خوای لەسەر بێت) _ بەناوی پەروەردگارتەوە بخوێنە...). هەر ئەمەش ڕێك و گونجاوە لەگەڵ یاسا و بنچینەی گەورەی تێڕوانین و بۆچوونی ئیسلامدا کە هەر خوای گەورە: ﴿ هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ ﴿٣﴾ ﴾ الحدید. واتە: (**هەر ئەو خوایە یەکەمین و بێ سەرتایە، دواهەمین و بێ کۆتایە، ئەو زاتە دیارە و هەموو شتێك بەڵگەیە لەسەر بوونی، لە هەمان کاتدا خودی زاتی خۆی نادیارە _ و بەچاوی سەر نابینرێ، بەڵام بە بینایی بیروهۆش و دڵ دەروون ئاشکرایە _**). هەر خوای پاك و بێگەردە هەیە و بوونی ڕاستەقینەی هەیە، هەموو بوونەوەرێك لە بوونی ئەوەوە بوونی خۆی بەدەستدێنێت، هەموو شتێك سەرەتاکەی لە خواوە دەستپێدەکات. کەواتە دەبێ هەموو دەستپێکردنێك بەناوی ئەوەوە بێت، هەروەها دەبێ بەناوی ئەوەوە هەموو کردارو ئاکارو جوڵە و بزاوتێك بەرپا ببێ.

وەسفکرانی خوای پاك و بێگەرد بە هەر دوو سیفەتی (الرحمن الرحیم) هەموو واتا و شێوەو چەشن و جۆرەکانی بەزەیی و دلۆڤانی و میهرەبانی دەگرێتەوە... ئەمەش تەنها بۆ خوا شیاوەو هەر ئەویش خاوەنی ئەم دوو سیفەتەیە بەیەکەوە، هەروەك چۆن تەنیا ئەو خاوەنی

سیفەتی بەخشندەیی (الرحمن)ە. دروستە بەندەیەك لە بەندەكانی خوا وەسف بكرێ بەوەی میهرەبان (رحیم)ە، بەڵام دروست نییە لەلایەنی ئیمانیەوە هیچ بەندەیەك لە بەندەكانی خوا وەسف بكرێ بەوەی بەخشندە (رحمن)ە. گەر ئەمە دروست نەبێ ئەوا هەر ئەستەمە ئەم دوو سیفەتە لە بەندەیەكدا كۆ ببنەوە... هەر چەندە جیاوازی هەبێ لە واتای دوو سیفەتەكەدا: كە ئایا كامەیان ئاماژە دەكەن بە میهرەبانی و دڵۆڤانی زیاتر، ئەوا لە سایەی ئەم سێبەرەدا بایەخ نادەین بە ئەنجامدانی دواداچوون بۆ خاڵە جیاوازەكانی ئەم دوو سیفەتە؛ بەڵكو ئەمە باز دەدەین و جەخت لەسەر ئەوە دەكەینەوە كە ئەم دوو سیفەتانەی خوای مەزن هەموو جۆرو بوارو بارو حاڵەتەكانی بەخشندەیی و میهرەبانی و سۆزو دلۆڤانی لەخۆدەگرن.

جا ئەگەر دەستپێكردن بە ناوی خوای گەورە، گوزارشت بێ لە یەكتاناسی خوا و ڕەوشت بەرزی و ڕەفتار جوانی لە خزمەتی پەروەردگارو پێكهێنەری یاسای گشتی یەكەم بێ لە تێڕوانین و بۆچوونی ئیسلامیدا... ئەوا كۆبوونەوەی واتا و بارو بوارەكانی میهرەبانی و دلۆڤانی لە هەر دوو سیفەتی (بەخشندەیی و دلۆڤانی: الرحمن الرحیم)دا یاسای گشتی دووەمە لە تێڕوانینی ناوبراوادا، هەروەها ڕاستینەی پەیوەندی نێوان خواو بەندەكان پیشاندەدات و دەخاتەڕوو.

* * *

له دوای دەستپێكردن به ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾: بەناوی خوای بە بەزەیی و میهرەبان، ڕووكردنە خوا دێت بە سوپاس و ستایشكردن و وەسفكردنی به پەروەردگارێتی ڕەهای جیهانیان: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢﴾...

باوەڕدار كاتێك بیرو یادی خوای تاك و پاك دەكات، ئەوا دڵی پڕ دەبێت لە هەستی سوپاس و ستایشكردنی خوا... چونكە هەر لەسەرەتاوە دەزانێ كە بوونی خۆی ڕێژنەی بەهرە و نازو نیعمەتێكە لە ڕێژنەی بەهرەكانی خوا، كە دڵ و دەروون بە جۆش و خرۆش و پەرۆشەوە دێنێتە سوپاس و ستایشكردنی خوا. لە هەر چاوتروكانێك و لە هەر سات و هەنگاوێكدا كاروانی نازو بەهرەكانی خوا پۆل پۆل بەدوای یەكدا دێن، ئەم بوونەوەرە دادەگرن بەتایبەت مرۆڤ دادەپۆشن... هەر بۆیە لێرەوە سوپاس و ستایشكردن بۆ خوا لە سەرەتا و كۆتادا ڕێسایەك بوو لە ڕێساكانی تێڕوانینی ئیسلام: ﴿وَهُوَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ لَهُ ٱلۡحَمۡدُ فِي ٱلۡأُولَىٰ وَٱلۡأٓخِرَةِ ۝٧٠﴾ القصص. واتە: (خوا زاتێكە كە جگەلەو خوایەكی تر نییە بە حەق، سوپاس و ستایش لە سەرەتا و كۆتادا هەر بۆ ئەوەو شایستەی ئەوە...).

چاکە و بەخشندەیی خوای پاك و بێگەر بەسەر بەندەی باوەڕدارەکەی ئەوەندە زۆرە، کە ئەگەر بەندەکەی وتی: سوپاس و ستایش بۆ خوا. ئەوا خوای مەزن بە چاکە بۆی دەنووسێ، کە هەموو پێوانەکان لاسەنگ دەکات.... لە سونەنی (ئیبن ماجە) لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) هاتووە: کە پێغەمبەری خوا (**درود و سلاوی خوای لەسەر بێت**) باسی ئەوەی بۆ ئەوان کردووە کە بەندەیەك لە بەندەکانی خوا وتی: (**ئەی پەروەردگارا" سوپاس و ستایش بۆ تۆ، بەوشێوەیەی شایستەی شکۆ و پایەداری و گەورەیی دەسەڵاتی تۆیە)، دوو فریشتەکە لێیان تێکچوو و نەیانزانی چۆن بینووسن. بۆیە بەرز بوونەوە بۆ لای خوای گەورە و وتیان: پەروەردگارمان" بەندەیەك وتەیەکی وت، نازانین چۆن بینووسین. خوای گەورە فەرمووی _ هەر خۆیشی زاناترە بەوەی بەندەکەی وتویەتی _: ((بەندەکەم چی وت؟))، دوو فریشتەکە وتیان: پەروەردگارا" بەندەکەت وتویەتی: (ئەی پەروەردگارا" سوپاس و ستایش بۆ تۆ، بەوشێوەیەی شایستەی شکۆ و پایەداری و گەورەیی دەسەڵاتی تۆیە). خوای گەورە بە دوو فریشتەکەی فەرموو: بەوشێوەیە بینووسن کە بەندەکەم وتی، تا لە ڕۆژی دواییدا بەندەکەم پێم دەگات و پاداشتی دەدەمەوە.**

جا ڕووكردنە خوای گەورە بە سوپاس و ستایشكردن گوزارشت دەكات لە هەستی باوەڕدار، كە تەنیا یادی خوا كردن _ وەك چۆن خستمانەڕوو _ وای لێدەكات دڵی بێتە جۆش و خرۆش، سەبارەت بە كەرتی دووەمی ئایەتەكە: ﴿رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾، ئەوا گوزارشت دەكات لە یاسا و بناغەیەكی دیكەی گەورە و گرنگی بۆچوونی ئیسلام، ئەویش پەروەردگارێتی ڕەها و گشتگیرە، ئەمەش یەكێكە لە هێڵە سەرەكییەكانی بیروباوەڕی ئیسلامی... پەروەردگار؛ بریتییە لە: خاوەن و سەرپەرشتیارو فەرمانڕەوا، لە لایەنی زمانەوانیدا: پەروەردگار گوزارشت دەكات لە: كەسی گەورە و ئەوەی سەرپەرشتیارە بە مەبەستی چاكسازی و پەروەردەكردن... سەرپەرشتی كردن بە مەبەستی چاككردن و پەروەردەكردن جیهانیان _ واتە: هەموو بوونەوەر _ دەگرێتەوە، خوای پاك و بێگەرد بوونەوەری دروست نەكردووە ئینجا فەرامۆش و پشتگوێی خستبێت. بەڵكو خوای گەورە خۆی سەرپەرشتی بوونەوەر دەكات بە چاككردن و چاودێری و پەروەردەكردنی. هەموو جیهانەكان و بوونەوەران لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی پەروەردگاری جیهانیان پارێزراون. پەیوەندی نێوان خوای بەدیهێنەرو بەدیهێنراوان بەردەوام و هەمیشەییە لە هەموو كات و سات و بارودۆخ و حاڵەتێكدا.

پەروەردگارێتی ڕەها و بێ سنوور بریتییە لە جیاکەرەوەی نێوان ڕۆشنی یەکتاناسی تەواو و گشتگیرو هەمەلایەن لەگەڵ ناڕۆشنی و لێڵی ڕاستی یەکتاناسی بە شێوە یەکلاکراوەکەی. پێشتر زۆر جار خەڵك دانیان بە خوای گەورەدا دەهێنا بەو وەسفەی بەدیهێنەری تاك و تەنهای بوونەوەرو گەردوونە، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بە فرە پەروەردگاری هەبوو کە گوایە بڕیار بەدەستن لە ژیاندا. بێگومان ئەمە زۆر نامۆو پێکەنیناویە. کەچی ئەم بیروباوەڕە ناڕەوایە پێشترو ئێستاش هەبووەو هەیە، قورئانی پیرۆز لەبارەی هەندێك کەسی هاوبەشدانەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوەو باس دەکات کە لە بارەی پەروەردگارە جۆراو جۆرەکانیان دەیانوت: ﴿ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴿٣﴾ ﴾ الزمر. واتە: **(ئێمە ئەو بت و شتانە تەنها بۆ ئەوە دەپەرستین کە لە خوا نزیکمان بخەنەوە)**. هەروەك لە بارەی کۆمەڵە خەڵکێك لە خاوەن کتێبە ئاسمانیەکانەوە فەرموویەتی:

﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴿٣١﴾ ﴾ التوبة.

واتە: **(_ گاورو جولەکەکان _ حاخام و قەشەکانیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لە جیاتی خوای گەورە)**. لەو ڕۆژەی ئیسلام هات و خۆری پەیامی خوا پرشنگیدا بیروباوەڕە نەفامییەکان لەسەر زەوی باو و زاڵ بوون، هەموو کون و کەلەبەرێکیان تەنی بوو، هاژەی دەهات لە زۆری ژمارەی

بتەکان، بەوپێیەی ئەم بتانە پەروەردگاری بچوکن لە پاڵ گەورەی خواکان و پەروەردگاری هەرە مەزن! ئەمەش بە گومانی ئەوان.

ئەم پەروەردگارێتییە بێ سنوورەی لەم سورەتدا ئاماژەی پێکراوەو گشتگیربوونی بۆ هەموو جیهانیان بریتییە لە ڕێگە جیاکەرەوەی نێوان بەرنامەداری و بێ بەرنامەیی و بێ سەروبەری لە بیروباوەڕدا. بۆ ئەوەی هەموو جیهان و جیهانیان ڕووبکەنە یەك خواو بەرەو یەك پەروەردگار بڕۆن، دان بنێن بەوەی سەروەری ڕەها تەنها بۆ پەروەردگارە، جەنجاڵی بت و پەرستراوە جۆراو جۆرە ناڕەواکان لەسەر ئەستۆیان لابدەن، خۆی ڕزگار بکات لە دەست چەپۆکی سەرگەردانی لە نێوان بت و پەرستراوە پەرت و بڵاوەکان... دواتر ناخ و ویژدانی ئەم جیهان و جیهانیانە ئاسوودە دەبێ لە سایەی چاودێری و پەروەردگارێتی بەردەوام و هەمیشەیی خوای بێگەرد. بەختەوەر دەبێ بەوەی ئەم چاودێرییە خواییە هەرگیز ناپچڕێ و خاو نابێتەوەو لاناچێت، نەك وەك باڵاترین بۆچوونی فەلسەفییەکەی (ئەرِستۆ) کە بۆ نموونە دەڵێت: خوای گەورە ئەم گەردوون و بوونەوەرەی بەدیهێناوەو دواتر بایەخی پێ نەداوەو فەرامۆشی کردووە، لەبەر ئەوەی خوای مەزن بەرزو باڵاترە لەوەی سەرقاڵ و خەریك بێت بەشتێکی دیکەی جگە لەخۆی و بیر لە شتی بچوك بکاتەوە! بەڵکو تەنها بیر لەخۆی دەکاتەوەو سەرقاڵی خۆیەتی! ئا ئەمە _ بۆچوونی _ ئەرِستۆیە، لە

کاتێکدا ناوبراو گەورەترین فەیلەسوف و عەقڵمەندێکە لە عەقڵمەندە هەرە مەزنەکان!

ئیسلام هات لە کاتێکدا لە ناو جیهان بیروباوەڕو بۆچوون و ئەفسانە و فەلسەفە و خەیاڵ و بیرو بۆچوونی زۆر لەسەر یەك کەڵەکە ببوون وەك زبڵدان... تیایاندا ڕاست و ناڕاست و حەق و پوچەڵ و فەلسەفە لەگەڵ ئەفسانە تێکەڵ و پێکەڵ ببوون... ویژدانی مرۆڤایەتی لە ژێر ئەم زبڵدانە تێکەڵ و کەڵەکەبووەدا لە تاریکی و گوماندا دەگەوزا و داما و سەرگەردان بوو و ئارامی نەدەگرت لەسەر هیچ بارێك.

بەمەش وێڵی و سەرگەردانی و بەرچاو ناڕۆشنی و نادڵنیایی زاڵ بوو بەسەر تێڕوانین و بۆچوونی مرۆڤ لە بارەی خواو سیفەتەکان و پەیوەندی بەدیهێنراوان و بەدیهێنەرو جۆری پەیوەندی نێوان خواو مرۆڤ بەشێوەیەکی تایبەت.

نەدەگونجا ویژدان و دەروونی مرۆڤ لەسەر بڕیارێك دامەزرێ لەبارەی ئەم بوونەوەرە، تەنانەت لەبارەی خۆی و بەرنامەی ژیانیشی، بەر لەوەی ویژدان و ناخی دامەزرێ لەسەر بڕیارێك سەبارەت بە بیروباوەڕو تێڕوانین و تێگەیشتنی لە خواو سیفەتەکانی، هەروەها پێش ئەوەی بگات بە بیروباوەڕێکی دڵنیاکەرەوەی ڕاست و ڕۆشن لە ناو ئەو هەموو نابینایی و بیروباوەڕە پوچەڵ و سەرگەردانی و زبڵدانە گران و بۆگەنە.

مرۆڤ تێناگات لە ئەندازەی پێویستی ئەو ئارامی و دڵ و دەروون دامەزرانە، تا شارەزا نەبێ بە گەورەیی قەبارەی ئەم زبلْدانە تێکەڵە یان تا خۆی نەکەوێتە ناو ئەم سەرگەردانییە لە بیروباوەڕو تێگەیشتن و ئەفسانە و فەلسەفە و خەیاڵ و بیرو هزرەکان، کە ئیسلام هات بینی ئەم هەموو شتە پڕوپوچانە وەك هەور ئاسمانی دڵ و دەروونیان داگرتووەو بەسەر ناخی مرۆڤدا داتەپیون. پێشتر ئاماژەمان بە لایەکی بچوکی ئەمە کرد. (لە میانەی خستنەڕووی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا، ئەوا زۆرێکی لێ دەخرێتەڕوو، کە قورئانی پیرۆز بە تەواوی و تێروتەسەلی چارەسەری کردووە).

لەبەر ئەوە شتی سەرەکی کە ئیسلام بایەخی پێدا و کردیە ئامانج و مەبەست ئازادکردنی دڵ و دەروون بوو لەم جەنجاڵییە و جێگیرکردنی بیروباوەڕی ڕاست و دروست بوو، هەروەها دیاریکردنی ئەم تێڕوانینەی ناخ و دەروون لەسەری دادەمەزرێ لەبارەی خواو سیفەتەکانی و پەیوەندییەکەی بە بەدیهێنراوانەوە بەشێوەیەکی دڵنیاکەرەوە.

ئینجا لەبەر ئەوەی یەکتاناسی تەواو و پاك و خاوێن و گشتگیر کە هیچ کرچ و کاڵییەکی تێدا نەبێ لە دوورو نزیکەوە... بریتییە لە بناغەی ئەو تێڕوانین و تێگەیشتنەی کە ئیسلام هێناویەتی... هەمیشە پاك و خاوێنی دەکات و دەیدرەوشێنێتەوە لە ناخدا، بە دواداچوون بۆ هەر گەرد

و تۆزێك دەكات لەبارەی ڕاستینەی خوابەیەكگرتن و یەكتاناسیی تا لە هەموو بێ سەروبەری و ناڕۆشنیەك پاڵفتەی دەكات، بە دامەزراوی دەیهێڵتەوە كە بە هیچ جۆرێك شتی پڕو پوچ توخنی ناكەوێت... بەهەمان شێوە ئیسلام بەشێوەیەكی ڕۆشن و ئاشكرا وتە یەكلاكەرەوەكەی خۆی دەربڕی لەبارەی سیفەتەكانی خوا، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە پەروەردگارێتی ڕەهاوە، چونكە ئەوەی زۆربەی فەلسەفە و بیروباوەڕو خەیاڵ و ئەفسانەكان تێیدا دەخلیسكان و دەگەوزان پەیوەست بوون بەم لایەنە مەترسیدارەوە. كە شوێنەوارو كاریگەری زۆر مەزنی لەسەر ناخ و ئاكاری و ڕەفتاری مرۆڤ هەبوو.

ئەو كەسەی هەڵبستێت بە سەرنجدانی ئەو هەموو هەوڵ و تێكۆشانەی كە ئیسلام داویەتی بۆ چەسپاندنی وتەی بڕاوەو یەكلاییكراوە لەبارەی خواو سیفەتەكانی و پەیوەندی خوا بە بەدیهێنراوانیەوە، ئەو هەوڵە لە دەقە زۆرەكانی قورئانی پیرۆزدا بە جوانی دەردەكەوێت... بەڵام ئەو كەسەی سەرنجی ئەو هەموو هەوڵانەی ئیسلام بدات بێ ئەوەی سەرنجی ئەو خاشاك و زبڵدانە گرانە بدات لە ناو ئەو وێڵبوونە گشتگیرەدا كە مرۆڤایەتی تێدا سەرگەردان ببوو، ئەوا لەوانەیە پەیی نەبات بەوەی چەندە پێویستە ئەو ڕاگەیەندراوەی ئیسلام دووبارە بكرێتەوەو جەختی لەسەر بكرێتەوە، لەوانەیە نەزانێ ئەنجامدانی ئەم وردبینیە چەندە

پێویستە کە بە دواداچوون بۆ هەموو بارو ڕێوشوێنەکانی ناخ و دەروون دەکات... بەڵام سەرنجدانی ئەم زبڵدانەی باڵی کێشابوو بەسەر جیهاندا پێش هاتنی ئیسلام ئەوا تیشك دەخاتە سەر ئەوەی ئەم هەموو هەوڵەی ئیسلام چەندە پێویست بووە، ڕۆڵی ئەم بیروباوەڕە پاك و پوختە چەندە بەرزو گرنگ بووە _ کە هەڵدەستێ بە سەربەست کردنی ناخ و دەروونی مرۆڤ _ و لادانی ناخۆشی و مەینەتی گەوزان لە نێوان خەیاڵ و ئەفسانە و پەرستنی چەندین بت و شتی پڕو پوچ لە سەر ئەستۆی ئادەمیزاد!.

هەموو ئەو جوانی و ڕازاوەیی و تەواوی و هەماهەنگی و ساکاریەی ئەم ڕاستییە مەزنەی ئەم بیروباوەڕە گوزارشتی لێ دەکات و خستۆتیەڕوو، ئەوا بۆ عەقڵ و دڵ دەرناکەوێ مەگەر سەرنجی ئەو زبڵدانەی نەفامی بدرێ کە پێکهاتووە لە بیروباوەڕو ئەفسانە و فەلسەفە و بۆچوونی چەوت و هەڵە و بەتایبەت بابەتی ڕاستی خواناسی و پەیوەندی بەم جیهانەوە... هەر کاتێك ئەمە بەراوردکرا و سەرنجی لێدرا ئەو کاتە دەردەکەوێت بیروباوەڕی ئیسلامی چ میهرەبانی و ڕەحمەتێکە. ڕەحمەتێکی ڕاستەقینەیە بۆ دڵ و عەقڵ. ڕەحمەتێك کە پڕاوپڕە لە قەشەنگی و ساکاری و ڕۆشنی و هەماهەنگی و نزیکی و هۆگری و هاودەنگی و هەماهەنگی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و قووڵ لەگەڵ سروشت.

* * *

هەر دوو سیفەتی ﴿ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣ ﴾... کە هەموو واتا و بارو بوارو جۆرەکانی میهرەبانی و بەخشندەیی و دلۆڤانی لەخۆ دەگرن، لە ئایەتێکی سەربەخۆدا لە ناوەڕۆك و کرۆکی هەمان سورەتدا دووبارە دەبنەوە، بۆ ئەوەی جەخت بکرێتەوە لەسەر خەسڵەت و تایبەتمەندی باڵاو بەرز لە پەروەردگارێتی گشتگیرو هەمەلایەندا، هەروەها بۆ ئەوەی ڕاگرو پایەکانی پەیوەندی هەمیشەیی نێوان پەروەردگارو پەروەردەکراو، بەدیهێنەرو بەدیهێنراو جێگیر بکات، ئەمە پەیوەندی میهرەبانی و چاودێرییە کە سوپاس و ستایش لە دڵدا فەراهەم دەهێنێ، ئەمە ئەو پەیوەندییەیە کە لەسەر ئاسوودەیی و دڵنیایی بەرپا دەبێ و بە سۆزو خۆشەویستی جۆش دراوە، جا سوپاس و ستایش کردن بریتییە لە وەڵامدانەوەو بەدەمەوەچوونی سروشتی بۆ میهرەبانی و ڕەحمەتی هەمیشەیی.

خوای پەرستراو و پەروەردگار لە ئیسلامدا وەك دوژمن ڕاوەدووی بەندەکان نانێت، وەك چۆن ئەفسانە یۆنانیەکان بۆچوونیان وابووە لەبارەی بت و پەرستراوەکانی (ئۆلمپ) لە شۆڕشەکانیاندا. پیلان و بۆسەشیان بۆ دانانێ بەمەبەستی تۆڵە سەندنەوە، وەك چۆن ئەفسانە

ساختەکانی (پەیمانی کۆن: العهد القديم) تێڕوانیان وایە، وەك ئەوەی هاتووە لە ئەفسانەی منارە (بورج)ی بابلدا لە ئیسحاحی یازدەم لە (سیفری[١] تەکوین)دا[٢].

---

١) سیفر واتە کتێب یاخود کتێبی گەورە، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿كَمَثَلِ ٱلۡحِمَارِ يَحۡمِلُ أَسۡفَارَۢا﴾، هەروەها ناوە بۆ بەشێك لە تەورات. سەیری (قاموسی ڕستە "س، ف، ر"، ٣/ ١١٨٠، مەلا مەحموودی گەڵاڵی) بکە. (وەرگێڕ).

٢) لە ئیسحاحی یازدەدا لە سیفری تەکویندا هاتووە: دانیشتوانی جیهان یەك زمانیان هەبووەو بەیەك جۆرو شێوە قسەیان دەکرد، کاتێك لە خۆرهەڵاتەوە کۆچیان کرد ڕێیان کەوتە خاکی شەنعار، لەوێ نیشتەجێ بوون. هەندێکیان بە هەندێکیان وت با خشت دروست بکەین و دواتر سوری بکەینەوە، بەمەش خشتیان لە جیاتی بەرد و قیڕیان لە جیاتی قوڕ بەکارهێنا. وتیان: وەرن با شارێك دروست بکەین لەگەڵ منارەیەك (بورجێك)ی زۆر بەرز بنیات بنێین، کە سەری بە ئاسماندا هەڵکشا بێ، ناوێکیش بۆ خۆمان هەڵبژێرین و دیاری بکەین تا پەرش و بڵاو نەبین بەسەر ڕووی زەویدا. ئینجا خوا هاتە خوارەوە تا بڕوانێتە ئەو شارو منارەیەی ئادەمیزادەکان دروستیان دەکرد، پاشان خوا وتی: ئەوەتا ئەوان یەك گەلن و هەموویان خاوەنی یەك زمانن، بۆیە ئەتوانن شتی وا ئەنجام بدەن، واز ناهێنن لەوەی ویستیان بیکەن تا دروستی نەکەن و بە ئەنجامی نەگەیەنن. دەی با دابەزین و زمانیان پەرت پەرت و دابەش و جۆراو جۆر بکەن تا لە زمان و قسەی یەکتر تێنەگەن. جا خوا ئەوانی پەرش و بڵاو کرد بەسەر زەویدا، بەمەش وازیان لە دروستکردنی شارەکە هێنا. جا لەبەر ئەوە ئەم خاکە ناونرا (بابل)، چونکە خوا لەوێدا زمانی خەڵکی سەر ڕووی

﴿ مَـٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ۝٤ ﴾... ئەمە بریتییە لە یاسای گشتی مەزن و خاوەن كاریگەری قوڵ لە تێكڕای ژیانی مرۆڤایەتیدا، یاسای گشتی باوەڕ بوون بە ڕۆژی دوایی... **(الملك):** ئەویەڕی زاڵبوون و دەسەڵات. **(یوم الدین):** ڕۆژی سزاو پاداشتە لە دواڕۆژدا.. زۆر خەڵك باوەڕیان وایە خوا پەرستراوەو یەكەم جار بوونەوەرو گەردوونی دروست كردووە، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی و ڕۆژی سزاو پاداشت نەبووە... قورئانی پیرۆز لە بارەی ئەم كەسانەوە دەفەرموویێت: ﴿وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۝٢٥ ﴾ لقمان. واتە: (_ سوێند بەخوا _ ئەگەر پرسیار لە خوانەناسان بكەیت: كێ ئاسمانەكان و زەوی دروستكردووە؟ ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێن: خوای گەورە دروستی كردووە). دواتر لە شوێنێكی دیكەدا لەسەر زمانی ئەوان بۆمان دەگێڕێتەوە: ﴿ بَلۡ عَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٞ مِّنۡهُمۡ فَقَالَ ٱلۡكَـٰفِرُونَ هَـٰذَا شَيۡءٌ عَجِيبٌ ۝٢ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗاۖ ذَٰلِكَ رَجۡعُۢ بَعِيدٞ ۝٣ ﴾ ق. واتە: (خەڵك باوەڕیان نەهێنا و بەڵكو سەرسام بوون لەوەی یەكێك لە خۆیان نێردراوە تا بێداریان بكاتەوەو دایان بچڵەكێنێت، جا

---

زۆری بەش بەش و جیاوازو جۆراو جۆر كرد، هەر لەوێشدا خوا ئەوانی پەرت و بڵاوكرد بەسەر گۆی زەویدا.

**بێ باوەڕان وتیان: ئەمە شتێکی سەیرو سەرسوڕهێنەرە. _ بۆیە وتیان: _ ئایا کاتێك مردین و بووینەوە بە خاك زیندوو دەبینەوە؟! دوای مردن گەڕانەوە ئەستە)!.**

باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی بنچینەیەکی سەرەکییە لە بنچینەکانی بیروباوەڕی ئیسلامی کە خاوەن نرخ و بەهایەکی زۆرە لە ڕاکێشانی سەرنجی مرۆڤەکان و وابەستەکردن و هەڵواسینی دڵ و دەروونەکانیان بە جیهانی دواتری پاش جیهانی دونیا، کەواتە پێویستی و حەزو ئارەزووەکانی ئەم جیهانە و گۆی زەوی خۆی بەسەر ئەواندا ناسەپێنێ. بەڵکو لە سایەی ئەم بیروباوەڕەدا بەرزتر لە حەزو پێداویستییەکانی ئەم ژیانە دەڕوانن و جڵەوگیری ئارەزووەکانیان دەکەن. دوودڵی و شڵەژان دایانناگرێ لەهەمبەر دەستەبەرکردنی بەرهەمی ئەو هەوڵ و کۆششەی داویانە لە ماوەی تەمەنە سنووردارو کورتەکەیان لە چوارچێوەی زەویدا. ئەو کاتە مرۆڤەکان دەبنە خاوەنی نیازو مەبەستی کارکردن لە پێناوی خوا و بە متمانەبوون بە خێرو بێرو دڵنیابوون دەربارەی خوای مەزن و سوربوون لەسەر ڕاستی و بە سینە فراوانی و لێبوردەیی و دڵنیایی چاوەڕێی ئەو پاداشتە دەکەن کە خوا پێیان دەبەخشێت، جا چ لە دونیا یاخود لە دواڕۆژدا بێت... ئەم بنچینە سەرەکی و گشتییە بە ڕێگەی جیاکەرەوە دادەنرێ لە نێوان بەندایەتی کردن و پەرستنی حەزو

ئارەزووەکان و ئەو ئازادییە مرۆییەی کە شایستەیە بە ئادەمیزاد. خاڵی جیا کردنەوەیە لە نێوان ملکەچ بوون بۆ تێڕوانین و بەها و پێوانە زەمینیەکان و پەیوەستبوون بە بەها خواییەکان و خۆ بەبەرزترگرتن لە بۆچوون و تێگەیشتنی نەفامانە. دووریانی نێوان مرۆڤایەتییە لە شێوە ڕاستەقینە باڵا و بەرزەکەی، کە خوای پەروەردگار بۆ بەندەکانی ویستویەتی، لەگەڵ مرۆڤایەتی بەشێوەی شێوێنراو کە هەرگیز ناگاتە پلەی کامڵ بوون و بۆشی دانەنراوە بەم شێوەیە پێی بگات.

هەرگیز ناگونجێ ژیانی مرۆڤایەتی ڕاستەڕێ بکرێ بەپێی بەرنامەی خوا تا ئەم بیروباوەڕە لە تێڕوانین و بۆچوونی مرۆڤدا جێگر نەبێ. تا دڵنیانەبن لەبارەی ئەوەی ئەم پاداشتەیان لەسەر گۆی زەوی بریتی نییە لە دوایین بەشی... هەروەها تا تاکی خاوەنی تەمەنی سنووردار متمانەی نەبێ بەوەی ژیانێکی تری دەبێت و شایستەی تێکۆشان و فیداکارییە، قوربانیش بدات لە پێناو سەرخستنی ڕاستی و چاکە بە پشت ئەستوربوون بەو قەرەبووەی لە دواڕۆژدا پێی دەبەخشرێت...

ئەوانەی باوەڕیان بە دواڕۆژ هەیە لەگەڵ ئەوانەش باوەڕیان پێ نییە، ئەوا هەرگیز وەك یەك نین لە هەست و خووڕەوشت و هەڵسوکەوت و کرداردا. بەڵکو ئەو دووانە دوو جۆری جیاوازن، دوو سروشتی جیان،

هەرگیز لە زەویدا لە هیچ کردارێکدا و لە دوارۆژیشدا لە هیچ پاداشتێکدا یەکناگرن و هاوبەش نین.. ئا ئەمە دووڕیانەکەیە...

* * *

﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ۝٥﴾ ... ئەمەش بریتییە لەو بنچینە و بەندە بیروباوەڕییەی کە لە بنچینە و یاساکانی پێشترەوە دروست بووە کە لەم سورەتەدا باس کران. جا پەرستش تەنها بۆ خوایە، پشتبەستن تەنها بە خوایە[1].

---

(١) هـەر کـە موسـڵمانان پشـتیان بـە جگەلـە پـەروەردگار بەسـتبێت ڕاسـتەوخۆ توشـی دەردە سـەری و کەساسـی و ژێردەسـتی و دامـاوی بوونەتـەوە، هـەروەك ئێسـتا شتێکی بەڵگە نەویستە کە موسڵمانان لـە زۆربـەی بوارەکانـدا دواکەوتوون بـە هـۆی ئـەوەی کـە بـێ بـاوەڕان بـە پیشـتیوان دەزانـن لـە بـڕی خـوا، یـاخود لـە پشـت بەسـتنەکەیاندا بـوار بـۆ بـێ بڕوایـانیش دیـار دەکـەن کـە ئـەوانیش بـە بەشـێك لـە پشـتیوانان دەزانـن، هـەر دوو چـەمکی یارمەتیـدان (التعـاون) و هەڵسـوکەوتکردن (التعامل)یان تێکەڵ و پێکەڵ کردووە.

یـان دەبیـنین پشـت دەبەسـتن بـە هۆکارەکـان، خـۆ ئێمـە نـاڵێین هۆکارەکـان فـەرامۆش بکـە، بـەڵکو هۆکارەکـان بگرەبـەر بـەرەو ئامـانج، پشـتیش تـەنها بـەخوای کاربەدەست ببەستە.

کەچـی خـەڵکێکی زۆر پێیـان وایـە پشـت بەسـتن (التوکل) جێگـرەوەی هۆکـارو هەوڵدانە، هەر کە گلەییان لێکـرا بۆچـی هۆکارەکـان ناگرنەبـەر؟ فلانـە هۆکـارە دابـین ناکەن؟ دەڵێن: ئاخر ئێمە بە تەمای خوا لێی گەڕاوین و پشتمان بەو خۆشە!.

پشت بەخوا بەستن، مانای پشتێ کردن و واز هێنان لە کارکردن نییە، بە بەهانەی پشت بەخوا بەستن! نا، چونکە خوای گەورە دوو فەرمانی بە ئێمەی موسڵمان کردووە: فەرمانی پێداوین، کە کار بکەین، فەرمانیشی پێداوین پشت بە کارەکەی خۆمان نەبەستین... فەرمانی پێداوین کاسبی بکەین، فەرمانیشی پێداوین باوەڕمان بەوە هەبێت، کە تەنها خوا ڕۆزیدەرە. فەرمانی پێداوین، کە ئامێرو تفاقی جەنگ ئامادەکەین، بەلاّم فەرمانیشی پێداوین، کە دڵنیابین سەرکەوتن هەر لەلایەن خواوەیە و ئەو دەیبەخشێت... فەرمانی پێداوین دەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانمان بەکار بهێنین، فەرمانیشی پێداوین، کە بیروباوەڕمان وا نەبێت دەرمانەکە بۆ خۆی چاکمان دەکاتەوە! فەرمانی پێداوین، کە هەموو هۆیەك بۆ سەرکەوتنی کارەکانمان بگرینەبەر، فەرمانیشی پێداوین، کە پشت بە خوای گەورە ببەستین لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن.. جا هەر کەسێ هەموو هۆکارەکانی ئەنجامدانی کارێکی ئامادەکرد، بەلاّم لەکارەکەیدا پشتی بەخوا نەبەست، ئەوە یەکێك لە فەرمانەکانی شکاندووە. هەر کەسێکیش پشتی بەخوا بەست بێ ئەوەی هۆکارەکانی ئەنجامدان و سەرکەوتنی کارەکەی ئامادە بکات، ئەویش فەرمانێکی بەجێ نەهێناوە.... جیاوازی نێوان موسڵمان نا موسڵمان لێرەدا دەردەکەوێت، نا موسڵمان هەموو تواناو ڕەنجێکی دەخاتەگەڕ، موسڵمانیش وەك ئەو هەموو تواناو ڕەنجێکی دەخاتە گەڕ، بەلاّم نا موسڵمانەکە پشت دەبەستێت بە ڕەنجەکەی خۆی، موسڵمانیش پشت دەبەستێت بە خوای گەورە.

جا هەر لە ڕۆژگاری پێغەمبەریشدا ﷺ ئەو جۆرە بیرکردنەوە چەوتە هەبووە، ئەوەتا عەرەبێکی خێڵەکی پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ دەکات سەبارەت بەوەی کە وشترەکەی ببەستێتەوە یاخود بەرەڵای بکات و پشتیش بەخوا ببەستێت؟. پێغەمبەر ﷺ وەلاّمی دایەوەو فەرمووی: ((بیبەستەوەو پاشان پشت بەخوا ببەستە)). ئیمامی تورمذی گێڕاویەتیەوە. بەڵێ (بەستنەوە) و (پشت بەخوا بەستن) دژو پێچەوانەی

ئەمەش بەهەمان شێوە دووریانی نێوان ڕزگاربوونی ڕەهایە لە هەموو بەندایەتییەك لەگەڵ بەندایەتی ڕەهای بەندەکان! ئەم بنچینەیە لە دایکبوونی ڕزگاربوونی مرۆڤی کامڵ و هاوسەنگ ڕادەگەیەنێت. ڕزگاربوون لە چەپۆکی بەندایەتی و پەرستنی خەیاڵەکان و بەرنامە و بارودۆخەکان. جا مادەم تەنها خوای گەورە دەپەرسترێ و پشتی پێ دەبەسترێ، ئەوا ناخ و دەروونی مرۆڤ ڕزگاری بوو لەوەی بەرنامە و بارودۆخ و کەسەکان بیقۆزنەوەو خۆیان بەسەریدا بسەپێنن، هەروەك ڕزگاری بوو لەوەی ببێتە ژێردەستەی ئەفسانە و خەیاڵ و شتە پڕوپوچ و بێ بنەماکان...

لێرەدا هەڵوێستی کەسی موسڵمان لەبارەی هێزە مرۆیی و سروشتییەکان دەخرێتەڕوو...

دەربارەی هێزە مرۆییەکان _ لە دیدی موسڵماندا _ دوو جۆرن: یەکەمیان: هێزێکی ڕێنوێنیکراوە، باوەڕی بەخوای گەورە هەیە، شوێن بەرنامەی خوا دەکەوێت... دەبێ پشتیوانی و پشتگیری ئەم هێزە بکرێ، یارمەتی لێ وەربگیرێ و یارمەتی بدرێ، هاریکاری لەگەڵ بکرێ لەسەر

---

یـــەکترنین، بـــەڵکو تەواوکـــەری یـــەکترن، بەســـتنەوە (کـــە مەبەســـتی گرتنەبـــەری هۆکارەکانـە) پەیوەنـدی بەدەسـت و بەجەسـتە و ئەندامەکانـەوە هەیـە، پشـت بـەخوا بەستنیش پەیوەستە بە دڵ و دەروونەوە. (وەرگێڕ).

خێرو بێرو ڕاستی و چاکسازی و چاکەخوازی... دووەمیان: هێزێگی گومڕایە، پەیوەندی بەخواوە نییە، شوێن بەرنامەکەشی ناکەوێت. ئەمەیان دەبێ جەنگی لەگەڵ بکرێ و بەرهەڵستی بکرێ و بەربەستی بۆ دروست بکرێ و هەوڵی گۆڕینی بدرێت.

هەر چەندە ئەم هێزە گومڕاو سەرلێشێواوە مەزن یان سەرکەش بێ ئەوا نابێ موسڵمان باکی پێ بێت، چونکە بەهۆی گومڕابوون و لادانی لە سەرچاوەی یەکەمی _ کە هێزی خوای گەورەیە _ ئەوا توانا و هێزە ڕاستەقینەکەی لە دەست دەدات... بەمەش ئەو بژێویە لە دەستدەدات کە هێزەکەی دەپارێزێت و بەردەوام دەکات. ئەمە وەك تەنێکی مەزنە کە جیا ببێتەوە لە ئەستێرەیەکی گڕگرتوو، زۆری پێ ناچێ ئەو تەنە جیابووەوە دەکوژێتەوەو سارد دەبێتەوەو ئاگرو ڕووناکییەکەی نامێنێت، هەر چەندە قەبارەکەی زۆر مەزن و زەبەلاح بێت. لە کاتێکدا هەر گەردیلەیەك کە پەیوەستە بە سەرچاوە پڕشنگدارەکەی ئەوا هێزو ڕووناکی و گەرمییەکەی هەر دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێ: ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً ﴿٢٤٩﴾﴾ البقرة. واتە: **(چەندەها جار دەستەی کەم زاڵ بوون بەسەر دەستەی زۆردا بە فەرمانی خوا)**... ئەم زاڵ بوون و مانەوەی ئەم گەردیلانە بەهۆی پەیوەست بوون و نەپچڕانیانە لە

سەرچاوەی یەکەم و سەرەکی هێزیان و، سوودمەند بوون و هاریکاری وەرگرتنە لە یەك سەرچاوەی هێزو وزە.

هەڵوێستی تاکی موسڵمان لە بارەی هێزە سروشتییەکانەوە ئەوا هەڵوێستێکی ئاشنایەتی و دۆستایەتییە، نەك هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی هەبێ و بە چاوی ترس و بیم سەیریان بکات، چونکە هێزو توانای مرۆڤ لەگەڵ هێزە سروشتییەکانی دیکە هەر دووکیان لە ویست و خواستی خواوە هەڵقوڵاون و سەرچاوەیان گرتووە، جڵەویان بە دەستی ویستی خواوەیە، هەماهەنگ و گونجاو و هاریکارن لە جوڵە و ڕەوتیاندا.

بیروباوەڕی موسڵمان ئەوە لە ناخ و دەروونیدا دادەمەزرێنێ کە خوای پەروەردگار ئەم هەموو هێزە سروشتیانەی بەدیهێناوە تا ببنە دۆست و هاریکارو یارمەتیدەری مرۆڤ، ڕێگەی بەدەستهێنانی ئەم دۆستایەتییەش بریتییە لە وردبوونەوە و ڕامان لەم هێز و بەدیهێنراوانە و ناسینیان و یارمەتی گۆڕینەوە لەگەڵیان، بەیەکەوە لەگەڵیان ڕێگا بەڕێکردن و ڕۆیشتن بەرەو پەروەردگاری جیهانیان. ئەگەر هەندێك کات ئەم هێزانە ئێش و ئازاریشی پێ بگەیەنن، ئەوا بەهۆی ئەوەیە کە لێیان ورد نەبۆتەوەو نەیناسیون و شارەزا نەبووە لەو بەرنامەیەی کە ئەم هێزو بەدیهێنراوانە لەسەری دەڕۆن.

خۆرئاواییەکان _ میراتگرانی کەلەپوری نەفامی ڕۆمانی _ ڕاهاتوون لەسەر گوزارشت کردن لە هێزە سروشتییەکان بە: (زاڵبوونی سروشت)... ئەم گوزارشتە بە ئاشکرا ئاماژە دەکات بە دیدو تێڕوانینی نەفامیانە، کە هیچ پەیوەندییەکی نییە بەخوا و بە گیانی گوێڕایەڵی ئەم بوونەوەرو گەردوونە کە ملکەچی خوایە. بەڵام ئەو موسڵمانەی دڵی وابەستەیە بە پەروەردگاری بەخشندە و میهرەبانیەوە، گیانی پەیوەستە بە گیانی ئەم بوونەوەرە کە هەردەم زمان پاراوە بەدەم سوپاس و ستایشکردنی پەروەردگاری جیهانیانەوە، باوەڕی وایە پەیوەندییەك هەیە کە لەسەر زاڵبوون و ڕەق و وشکی دانەمەزراوە. بەڵکو باوەڕی وایە خوای گەورە بەدیهێنەری هەموو ئەو هێزە سروشتیانەیە، هەموویانی بەپێی یەك بەرنامە دروستکردووە تا هاریکارو کۆمەکی یەکتر بکەن لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجانەی دانراون بۆیان بەپێی بەرنامە و ڕێساکان. هەر لە سەرەتاوە خوای مەزن ئەم هەموو هێزانەی ڕام و دەستەمۆکردووە بۆ مرۆڤ و دەرخستنی نهێنی و زانینی یاساکانی بۆ ئادەمیزاد ئاسان کردووە، هەر کاتێك مرۆڤ سەرکەوت لە بەکارهێنانی یەکێك لەم هێزانە لە بەرژەوەندی خۆی و یارمەتی لێوەرگرت، ئەوا پێویستە لەسەری سوپاس و ستایشی خوا بکات، چونکە خوا بۆی ڕام و دەستەمۆکردووە، هەر خوای مەزنیشیە بۆ مرۆڤی ژێربارکردووەو مرۆڤ لەخۆیەوە بەسەریدا زاڵ

نەبووە: (وسخر لكم مافي الأرض جميعا)[١] واتە: (ئەوەی لـەسەر زەویدا هەیە هەر هەموم بۆ ڕام و دەستەمۆ کردوون).

کەواتە خەیاڵ هەست و نەستی پڕ ناکات لە بەرامبەر هێزە سروشتییەکان، ترس و بیمی نابێ لە بوونەوەرو دەوروبەر، باوەڕدار تەنها باوەڕی بەخوا هەیە، تەنیا ئەویش دەپەرستێت و پشتیش هەر بەو دەبەستێت و داوای هاریکاری و کۆمەکی هەر لەو دەکات. ئەم هێزانە بەدیهێنراوی پەروەردگاری ئەون، ئەویش لەو هێزە سروشتیان ڕادەمێنێت و دەکۆڵێتەوەو ئاشنایان دەبێت و شارەزای نهێنیەکانیان دەبێ، بەمەش دەتوانێ یارمەتی ئەو هێزانە بەدەست بخات و نهێنیەکانیان دەدۆزێتەوە. بەم پێیە لەگەڵیاندا ژیان دەگوزەرێنێ لە گەردونێکی پڕ لە خۆشەویستی و هۆگری و ئاشنایەتیدا... ئای فەرمایشتەکەی پێغەمبەر (**درود و سڵاوی خوای لەسەر بێت**) چەندە جوان و پڕ چێژو سەرنجڕاکێشە کاتێك سەرنجی

---

(١) هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەم ئایەتە بەم شێوەیە نییە، بەڵکو بەم شێوەیەیە: ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ﴿١٣﴾ ﴾ الجاثية. واتە: (**خوای مەزن" ئەو زاتەیە، کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە بۆ ئێوەی ڕام و دەستەمۆو ژێردەست کردووە**). خوای مەزن لە ئایەتێکی تریشدا دەفەرموویێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة. واتە: (**خوای مەزن ئەو زاتەیە کە هەرچی لە زەویدایە بۆ ئێوەی بەدیهێناوە**). (وەرگێڕ).

کێوی ئوحدی دابوو و فەرمووی: ((**ئەمە کێوێکە" ئێمەی خۆشدەوێت، ئێمەش خۆشمان دەوێت**))... ئەم وشانە هەموو ئەو خۆشەویستی و هۆگری و ئاشنایەتیەیان هەڵگرتووە کە لە ناو دڵی موسڵمانی یەکەم (محەممەد (**درود و سڵاوی خوای لەسەر بێت**))دا بووە لە نێوان ئەو و سروشت لە مەزنترین و فراوانترین بواریدا.

*   *   *

لە دوای چەسپاندنی ئەم بنچینە سەرەکییانە لە تێڕوانین و بۆچوونی ئیسلامیدا؛ جێگیرکردنی تەنها ڕووکردنە خوای گەورە لە پەرستش و داوای کۆمەکی و یارمەتی کردن... دەست دەکات بە جێبەجێکردنی کرداری ئەو بنچینە سەرەکیانە بە ڕووکردنە خوای گەورە بەدەم نزاو پاڕانەوەوە بەشێوەیەکی گشتی کە بگونجێت لەگەڵ کەش و هەواو سروشتی سوڕەتەکەدا:

﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧ ﴾...

﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ ﴾... ڕێنموویی و سەرکەوتوومان بکە بۆ ناسین و ئاشنابوون بە ڕێگەی ڕاست و دروست، کە دەمانگەیەنێتە ڕەزامەندی خۆت، ڕێنمایی و سەرفرازمان بکە بۆ جێگیربوون و بەردەوامی

لەسەر ئەم ڕێگەیە دوای ناسین و ئاشنا بوون پێی. ناسین و ئاشنابوون لەگەڵ بەردەوامی و جێگیر بوون بریتین لە بەروبووم و بەرهەمی ڕێنوێنی و چاودێری و دلۆڤانی خوای گەورە. ڕوو لە خوا کردن لەمەدا بەرهەمی باوەڕبوونە بەوەی تەنها خوای گەورە یارمەتیدەرە. ئەوەی کە باوەڕدار لەبارەیەوە داوا لە خوای پەروەردگاری دەکات یارمەتی و هاریکاری بکات تیایدا، گەورەترین و مەزنترین داواکراوە. جا بەجێهێنانی ئەم داوایە و ڕێنوێنی کردن بەرەو ڕێگەی ڕاست بە دڵنیایەوە دەستەبەری بەختەوەری دەکات لە دونیا و دواڕۆژدا... لە ڕاستیدا ڕێنوێنی سروشتی مرۆڤە بەرەو بەرنامەی خوای گەورە، کە هەماهەنگی و گونجان بەرپا دەکات لە نێوان جوڵەی مرۆڤ و جوڵەی سەرجەم بوونەوەر لە ڕێگەی ڕۆیشتن بەرەو خوای پەروەردگاری جیهانیان.

پەردەش لادەدات لەسەر سروشتی ڕێگەی ڕاست: ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧ ﴾ ئەمە بریتییە لە ڕێگەی ئەو کەسانەی خوای گەورە بەخششی و بەهرەی خۆی لەگەڵ کردوون. نەك ڕێگەی ئەوانەی خوا ڕقی لێگرتوون، بەهۆی ئەوەی ڕاستیان ناسیوەو دواتر لێیان لاداوە یان ئەوانەی گومڕابوون و ڕاستیان ون کرد و ئاشنا نەبوون

بە ڕێگەی ڕاست و دروست[١]... ئەمە ڕێگەی کەسە بەختەوەرە ڕێنوێنی کراوەکانە کە ڕەزامەندی خوایان بەدەستهێناوە[٢]...

---

(١) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((إن المغضوب عليهم اليهود وإن الضالين النصارى)) واتە: **قین لێگیراوان جولەکەکانن و گومڕاکانیش نەصڕانیەکانن.** پێشەوا ئەحمەد گێڕاویەتیەوە. **ناسری سوبحانی: دەڵێت:** ناکرێ قین لێگیراوان و گومڕاکان ﴿ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ تەنها لە جولەکە و نەصڕانیەکاندا کورت بکەینەوە. ناوبراو دەڵێت: دوو جۆر پێناسەمان هەیە، بریتین لە: (التعريف بالتحديد: ناساندن بەشێوەیەکی دیاریکراو) و (التعريف بالتمثيل: ناساندن بە نموونە هێنانەوە)، بەگوێرەی بۆچوونی مامۆستا ناسر ئەم فەرمایشەی پێغەمبەر ئاماژەی کردووە بۆ دوو پێڕ کە دەچنە ناو بازنەی قین لێگیراوان و گومڕاکان ﴿ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ کە جولەکە و نەسڕانیەکانن. بەم پێیە چەمکی قین لێگیراوان و گومڕاکان ﴿ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ چەمکێکی فراوانە و تەنها جولەکە و نەسڕانیەکان لەخۆ ناگرن بەڵکو دەستە و پێڕو کەسانی تریش لە خۆیان دەگرن کە شارەزای بەرنامەی خوان کەچی پشتگوێی دەخەن یان ئەوەندە سەرلێشێواوان هەرگیز پەیی بە ڕێگەی ڕاست نابەن. (وەرگێڕ).

(٢) هەروەك خوای گەورە لەبارەی ئەوانەوە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ٦٩﴾ النساء. واتە: **(ئەوەی فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەر ﷺ بکات، جا ئەوانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبن (لە بەهەشتدا) کە خوا نازو نیعمەتی**

ڕژاندوە بەسەریاندا، لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاكان، ئای كە ئەوانە هاوەڵ و هاورێ و هاودەمێكی چاك و بێ وێنەن).

ڕێگـای ڕاسـت ﴿ ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾ ڕێگـاو ڕێبـازی ئەوانەیـە كـە لـەو ئایەتـەی سەرەوەدا ئاماژەیان بۆ كراوە، بە چاكترین هاودەم و هاوڕێ ناویان هاتووە.

لـە ئایـەتی حەوتەمـدا دەفـەرموێت: ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ۝٧ ﴾ الفاتحة. واتە: (بەرنامە و ڕێبازی ئەوانەیە كە لە نازو نیعمـەتی خـۆت بەهرەوەرت كردوون، نەمانخەیتە سـەر ڕێبـازی ئەوانـەی خەشـم و قینیـان لـێگیراوە. و نەمانخەیتە سەر ڕێبازی ئەوانەش سەر گەردان و گومڕان).

ئەم ئایەتە پیرۆزە چەندین ئاماژەی تێدایە، تەنها دوو ئاماژە باس دەكەین:

**ئاماژەی یەكەم:** لە سەرەتای ئایەتەكەدا خوای گەورە ئاماژە بەوە دەكات كە بەردەوام خەڵكانێك كە باوەردارن خوای گەورە بەخشش و نیعمەتی خۆی لەگەڵ كردوون، ئەو باوەروادارانەش هەمیشە لە گشت چەرخ و سەردەمێكدا هەن، قورئانی پیرۆزو سوننەتی بە پێزی پێغەمبەر ﷺ لەكردارو گوفتاریاندا دەدرەوشێتەوە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ((لا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَتِي ظاهِرِينَ على الْحَقِ حتى يَأْتِيَ أَمْرُ اللهِ)) ئیمامی مسلم گێڕاویەتیەوە. واتە: (هەمیشە كۆمەڵێك لە ئومەتی من هەن لە گشت سەردەم و ڕۆژگارێكدا كە لەسەر حەقن تا ڕۆژی دوای دێت).

ئەو كۆمەڵەش كۆمەڵێكن كە نە زیادەڕەون و نەكورت ڕەون بەڵكو كۆمەڵێكی میانڕەون.

(الصِّرَاطَ الُمستَقِيمَ = صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ)

**ئاماژەی دووەم:** مەبەسـت لـە وشـەی (أنعمـت) لـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا بـەمانای بەخشش و بەهرەی موسڵمانێتی و ئیمانداریيە، هەر چـەندە لە ڕواڵەتـدا وشـەكە بـە

* * *

پاشان! ئەمە ئەو سورەتەیە كە دیاریكراوەو هەڵبژاردراوە بۆ ئەوەی لە هەموو نوێژێكدا دووبارە بكرێتەوە، بەبێ خوێندنی ئەم سورەتە نوێژ دروست نییە. سەرباری پوختی و كورتی ئەم سورەتە ئەوا بنچینە و یاسا و بەندە سەرەكییانەی دیدو تێڕوانینی ئیسلامی و ئەو ڕێنماییە دەروونی و ویژدانیانەی لە دوو توێی خۆیدا هەڵگرتووە كە لەم دید و تێڕوانینانەی ناوبراو گەڵاڵە بووە.

لە سەحیحی موسلیمدا لە فەرموودەی عەلائی كوڕی عەبدوڕەحمانی خزمەتكاری بنەماڵەی حیرقەوە هاتووە، كە لە باوكی گێڕاویەتیەوە، ئەویش لە ئەبو هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) گێڕاویەتەوە كە پێغەمبەری خوا (**درود و سڵاوی خوای لەسەر بێت**) فەرموویەتی:

**((خوای پایەبەرز فەرموویەتی: نوێژم كردووە دوو بەش لە نێوان خۆم و بەندەكەم، نیوەی بۆ منە و نیوەشی بۆ بەندەكەمە، ئەوەش بۆ بەندەكەمە كە**

---

چـەمكێكی گشـتی هـاتووە، چـونكە ﴿ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾ لەگـەڵ ﴿ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾ ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئەگەر وشـە و چـەمكی (أنعمـت) بـە بەخششـی مـاددی لێكبدرێتـــەوە، ئـــەوا لـــە بەرامبـــەردا پێویســـتە چـــەمكی ﴿ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾ بەو كەسانە لێك بدەینـەوە كـە لـە بـەهرەو بەخششـەكانی خـوا بـێ بەشـن، بێگومان ئەم لێكدانەویەش لێكدانەوەیەكی هەڵەیە. (وەرگێڕ).

داوام لێدەکات.. کاتێك بەندەکەم وتی: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ۝٢ ﴾ خوای گەورە دەفەرمووێ: بەندەکەم سوپاس و ستایشی کردم، جا کاتێك وتی: ﴿ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٣ ﴾ خوای مەزن دەفەرموێت: ئەوەتا بەندەکەم ستایش و وەسفی کردم، کاتێکیش وتی: ﴿ مَـٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ۝٤ ﴾ خوای مەزن دەفەرمووێ: بەندەکەم بە خاوەن دەسەڵات و شکۆم دەزانێت. ئینجا کاتێك وتی: ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝٥ ﴾ خوای مەزن دەفەرمووێ: ئەمە لە نێوان خۆم و بەندەکەمە و ئەوەی داوا دەکات پێی دەبەخشم. کاتێکیش وتی: ﴿ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ۝٧ ﴾ خوای مەزن دەفەرمووێ: ئەوە بۆ بەندەکەم و هەرچی داوای دەکات پێی دەبەخشم))..

لەوانەیە ئەو فەرمووده ڕاست و دروستە _ دوای ئەوەی لە ناوکۆی سورەتەکە ئەوە بەدەرکەوت کە خرایەڕوو _ نهێنیەك لە نهێنیەکانی هەڵبژاردنی ئەم سورەتە ئاشکرا بکات، بۆ ئەوەی باوەڕدار حەڤدە جار دووبارەی بکاتەوە لە ماوەی شەو و ڕۆژدا؛ یان باوەڕدار تا ئەو ئەندازەی خوا بیەوێت دووبارەی بکاتەوە هەر کاتێك ویستی لە نوێژدا داوا لە خوا بکات و لە دەرگانەی بدات...

# نـــــاوەڕۆك



| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێر | ٦ |
| پێشەکی | ٨ |
| سورەتی فاتیحە | ٤٢ |
| ناوەڕۆك | ٧٤ |

چاپخانەی شوان
0750 792 0775